گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕۆڵی تەکنیک لە بەرهەمهێنانی فیلمی کوردی
# شوێنیک بۆ یاری بەنمونە

**دانا محمد عبدلله**

بەشی سینەما، کۆلێژی هونەرەجوانەکان، زانکۆی سلاحدین، هەرێمی کوردستان، عێراق

Danamahamad@yahoo.com

**پ.د ئاریانا ابراهیم محمد**

بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سلاحدین، هەرێمی کوردستان، عێراق

dr-aryana@live.com

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢٢/٦/٢٠

پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٨/٢٨

بڵاو کردنەوە: بەهار ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**

The Role, cinema, Technologies, production, Kurdish film

**Doi**: 10.25212/lfu.qzj.8.2.8

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕۆڵی تەکنیک لە بەرهەمهێنانی فیلمی کوردی- شوێنێک بۆ یاری بە نموونە) هەوڵێکی زانستییە بۆ بەدیهێنانی پەیوەندی لە نێوان تەکنیک و بەرهەمهێنانی فیلمی کوردیدا، بە ئامانجی دۆزینەوەی ڕۆڵی تەکنیک لە بەرهەمهێنانی فیلمە کوردییەکان بە نموونە شوێنێک بۆ یاری، ئەم توێژینەوە بە پێی میتۆدی وەسفی ئەنجام دراوە لەڕێگەی شیکردنەوەی جۆر و شێوازەکانی تەکنیکی بەکارهاتوو لە فیلمی شوێنێک بۆ یاری کە لە ماوەی ٨١ خولەک وەک نموونەی توێژینەوە وەرگیراوە، هەروەها ناوەڕۆکی توێژینەوەکە لە پێشەکی و سێ باسی سەرەکی پێکهاتووە، بریتین لە چوارچێوەی گشتی توێژینەوە و لایەنی تۆری توێژینەوە (تەکنیک و بەرهەمهێنانی فیلمی کوردی) دواتر لایەنی پراکتیکی توێژینەوە (شیکردنەوەی لایەنە تەکنیکییەکانی فیلمی شوێنێک بۆ یاری). لە ئەنجامدا بۆمان دەرکەتووە کە تەکنیک و بەرهەمهێنانی فیلم پەیوەستن بەیەکەوە هەروەها تەکنیک بە هەموو جۆر و شێواز و ئامرازەکانی ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە بەرهەمهێنانی فیلمی کوردیدا بەتایبەتی لە فیلمی (شوێنێک بۆ یاری) و دەبێتە هۆی پێشخستنی فیلمی کوردی لە شێوازی بەرهەمهێنانیدا. لە کۆتاییدا توێژەران پێشنیازی ئەوە دەکەن گرنگی زیاتر بە لایەنی تەکنیکی فیلمی کوردی بدرێت بۆ ئەوەی لە

داهاتوودا ئاستی بەرهەمهێنانی فیلمی کوردی بەرز بێتەوە، ببێتە هۆی سەرنجراکێشانی ڕێژەیەکی زۆر لە بینەردان. لەگەڵ وشە سەرەکییەکان (ڕۆڵ، سینەما، تەکنیک، بەرهەمهێنان، فیلمی کوردی)

## پێشەکی

هونەری سینەما وەک لقێکی زانستی مرۆڤایەتی ڕۆڵی هەیە لە شوناسی مرۆڤایەتیدا، فیلم گوزارشتە لە هەستی ڕاستەقینەی فیلمساز و تێڕوانینیەتی لە ژیانی ڕۆژانەی بۆ بابەتەکان لە کارێکی هونەریدا، کە ئەمەش دەبێتە هۆی گەڕان بەدوای تایبەتمەندی تەکنیکی دا، بەو پێیەی سینەما هونەرێکی زیندووە و پەیامی سەرەکی گەیاندنی ژیانی مرۆڤە، لە پێشەنگی گۆڕانکاریی کۆمەڵگاکان دەبینرێت. ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕۆڵی تەکنیک لە بەرهەمهێنانی فیلمی کوردیدا) بە پێی میتۆدێکی وەسفی لە ڕێگای شێوازی شیکردنەوەی ناوەڕۆک لەسەر نموونەی توێژینەوە کە بریتییە لە یەک فیلمی کوردی بە ناوی (شوێنێک بۆ یاری) بۆ کراوە. ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوە بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێن کراوە، پوختە، پێشەکی و چوار بەش: بەشی یە کەم لە مانە پێک دێت: کێشەی توێژینەوە، گرنگی توێژینەوە، ئامانجەکان، میتۆد، سنوورەکان، پێناسەی زاراوەکان: بەشی دووەم: لە سێ تەوەری سەرەکی پێک دێت وەک: ١- چەمک و ناساندنی تەکنیک. ٢-چەمک و ناساندنی بەرهەمهێنان و قۆناغەکانی. ٣- چەمک و ناساندنی فیلمی کوردی. بەشی سێیەم شیکردنەوەی تەکنیکی بۆ فیلمی شوێنێک بۆ یاری کراوە، هەروەها بەشی چوارەم پێک دێت لە (ئەنجام، پێشنیاز) خراونەتە ڕوو کە توێژەر لە میانەی شیکردنەوەی بابەتەکە پێی گەیشتووە.

## ١- چوارچێوەی گشتی توێژینەوە:

### ١-١ کێشەی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیدا بە ناونیشانی (ڕۆڵی تەکنیک لە بەرهەمهێنانی فیلمی کوردیدا) کێشەی سەرەکی توێژینەوەکەیە تێیدا تیشک دەخرێتە سەر گرنگترین ئەو گرفتانەی کە لە بواری تەکنیک لە فیلمی کوردیدا هەیە، چونکە بە خاڵی وەرچەرخان دادەنرێت لە مێژووی گەشەسەندنی بەرهەمهێنانی فیلمدا. بۆیە کێشەی سەرەکی توێژینەوەکەمان لەم پرسیارانەی خوارەوە پێک دێت:

١ -تەکنیک چییە، گرنگترین فاکتەرەکانی چۆنن؟

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٢ -گرفتی تەکنیکی سینەمایی لە بەرهەمهێنانی فیلمدا چییە؟
٣ -هۆکاری لاوازی بەرهەمهێنانی فیلمی کوردی چییە؟

**٢-١ گرنگی توێژینەوە:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم خالانەی خوارەوەیە:
لەڕووی ئەکادیمی و زانستییەوە: دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی بۆ توێژەران و خوێنەرانی ئەکادیمی بۆ پەرەپێدان و نووسینی توێژینەوە لەسەر ئەم بابەتە، ڕەخنەگرانی سینەمایی سوودی لێ دەبینن، زیادکردنێکی زانستییە لە پەرتووک خانەکانی زانستی و ڕۆشنبیری. هەروەها لەڕووی پیشەییەوە فیلمسازان و ناوەندە پیشەییە هونەرییەکانی بواری فیلم لە هەرێمی کوردستان و تیپ و گرووپ و سەنتەرە سینەماییەکان گرنگی پێ دەدەن، بۆیە ئەنجامدانی ئەم تۆێژینەوەیە کە لەسەر بابەتی ڕۆڵی تەکنیک لە بەرهەمهێنانی فیلمی کوردیدا ئەنجامەکانی دەبێتە هۆی سوودێکی پیشەی بۆ فیلمسازان. هەروەها سوودی بۆ کۆمەڵگای کوردی هەیە چونکە سینەما ڕۆڵی گرنگی هەیە لە ڕۆشنبیرکردن و هۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵگادا.

٣-١ ئامانجی توێژینەوە:

هەڵبژاردنی بابەتی ئەم توێژینەوەیە ئامانجی سەرەکی خۆی هەیە، ناسین و زانینی ڕۆڵی تەکنیک لە فیلمی کوردیدا، پاشان چەند ئامانجێکی لاوەکی لێ دروست دەبێت، لە چەند خاڵێکدا ئاماژەیان پێ دەدەین:

١-دەستنیشانکردنی تەکنیک لە بەرهەمهێنانی فیلم.
٢-دیاریکردنی بەکارهێنانی تەکنیک لە فیلمی کوردیدا.
٣-زانینی بوون و نەبوونی تەکنیک لە بەرهەمهێنانی فیلمی کوردیدا.
٤ -خستنەڕووی لایەنی ئەرێنی و نەرێنی تەکنیک لە فیلمی کوردیدا.
٥ -تیشک خستنە سەر قۆناغەکانی بەرهەم هێنانی فیلم.

٤-١ میتۆدی توێژینەوە:

بریتییە لە میتۆدێکی وەسفی کە لە ڕێگەی شیکردنەوەی فیلمی (شوێنێک بۆ یاری) پەیڕەو دەکرێت.

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


١-٥ سنووری توێژینەوە:

سنووری بابەت: ڕۆڵی تەکنیک لە بەرهەمهێنانی فیلمی کوردی (شوێنێک بۆ یاری) بە نموونە

سنووری شوێن: هەرێمی کوردستان

سنووری کاتی: (٢٠٠٩-٢٠١٤ز).

١-٦ پێناسەی زاراوەکان:

-ڕۆڵ:

دەکرێت وەک و شێوازێکی ڕێکخراوی هەڵسوکەوت ئاماژەی پێ بدرێت، پەیوەست و گرێداوە بە کەشێکی دیاریکراو لە کۆمەڵگادا. (علوش، 1985، ل90).

-تەکنیک:

تەکنیک گیانێکی هونەرییە بە بەری پەیکەری درامادا دەکرێت، هێز و تین دەخاتە ناو دەمار و لەشی دراماوە و دەیکات بە پارچە هونەرێکی جوان و زیندوو، تەکنیک شێوەی ڕازاندنەوە و ئەندازەی هونەرە. (هەورامی، ٢٠٠١، ل٢٠)

-بەرهەمهێنان:

چالاکییەکە بە بنەمای سەرکەوتنی پرۆژەی فیلم دادەنرێت، هۆکاری دۆزینەوەی کاستی فیلم و زامنکردنی بەردەوامی پرۆژە دەستەبەر دەکات، (جورنو، 2007، ص170)

## ٢- چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

### ٢-١ چەمک و ناساندنی تەکنیک:

دۆزینەوەی ڕەچەڵەکی وشەی تەکنیک "لە مەبەستی ئەفلاتوون و ئەرستۆ لە هونەردا، شارەزایی یان لێهاتووییە، کە بە (technical) دەناسرێت، (زاد، ٢٠١٢، ل٥٧) بۆیە ڕەچەڵەکی ئەم وشە یۆنانییە و نووسەرانی یۆنان بەرامبەر بە وشەی هونەر بەکاریان هێناوە لە نووسینەکانیاندا، هایدگەر بە بیرمان دەهێنێتەوە کە "تەکنیک لەپێشدا واتایەکی فراوانتری هەبووە لە وشەی تەکنیک کە ئەمڕۆ باوە، چونکە زیاتر بۆ هونەرە جوانەکان بەکارهاتووە، (زادە، ٢٠١٢، ل٦٥).

بۆیە چەمکی تەکنیک چەمکێکی فرە ڕەهەندە، هاوشانی ئەو فرە ڕەهەندییەی فرە واتا و فرە پێناسەیە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی وشەی تەکنیک ئاماژەیە بۆ "زانیاری و شارەزای پێویست بۆ

کۆنترۆڵکردن و بەکارهێنانی ئامێر، (محمد، ٢٠٢٠، لا٨٧) بەمەبەستی جێبەجێ کردنی کارێک. تەکنیک بە بناغەی سەرەکی هونەری سینەما دادەنرێت و "زۆر لە پسپۆران و شارەزایان، سینەما بە هونەرێکی رووت نازانن بەڵکو سینەما بە هونەر-تەکنیک لە قەڵەم دەدەن، (کەریم، ٢٠١٧، لا٤٩) بۆیە تەکنیک بە ئەو شێوازە دیاریکراوانە دەوترێت کە لە هونەری فیلمسازی کاری لەسەر دەکات وەک (تەکنیکی وێنەگرتن، تەکنیکی ڕووناکی، تەکنیکی مۆنتاژ، تەکنیکی دەنگ ...هتد) کە شێوە و ئاراستەیەکی هونەریی دیاریکراوە یان بۆ کۆی شێوازەکانی کاری فیلمسازێک بەکار دەهێنرێت. پەیوەندی نێوان هونەر و تەکنیک ئاڵۆزە و لایەنی گرنگ و وردی هەیە بەڵام بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندییەکی یەکگرتوویان هەیە، لە مێژووی سینەما بەستنەوەی نزیک هەیە لەنێوان و جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کە هونەر و تەکنیک لە سەرەتادا یەک کرداریان هەبووە، چونکە وێنەگرتنی یەکەم فیلم لەسەر شریتی ئەنەلۆگ تەکنیکی وێنەگرتنی تایبەتی هەیە و بە سەرەتای سینەماش دەزانرێت. هەر پێشکەوتنێکی تەکنۆلۆژیا ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی تەکنیکی لەسەر فیلم هەیە، فیلمسازان هەمیشە بەدوای بەدەستهێنانی تەکنیکی نوێدایە بۆ بەرهەمهێنانی فیلمەکانیان چونکە بەرهەمەکەیان کاریگەرتر دەبێت و سەرنجی بینەران ڕادەکێشێت، تەکنیکی نوێ بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەندووە کە ڕۆڵی گرنگی هەیە لە بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایدا، بەپێی تێپەڕبوونی کات گۆران کاریان بە خۆییەوە بینیوە لە سەر بنەمایەکی هونەری و ئیستاتیکی و ڕەگەزەکانی تەکنیکی هونەری ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە لە هاوکێشەی ئەفراندن و داهێناندا، ئەو ڕەگەزە تەکنیکانەی لەم تەوەری توێژینەوە جەختیان لەسەر دەکەینەوە بریتییە لە تەکنیکی (وێنەگرتن، ڕووناکی، دەنگ، مۆنتاژ)

**٢-١-١ تەکنیکی وێنەگرتنی سینەمایی:**

وێنەگرتنی سینەمایی بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر دیاردەیەکی گشتی لەسەر چاوی مرۆڤ دامەزراوە کە بە تیۆریزمی مانەوەی بینین ناسراوە، مانای ئەوەیە کە بابەتەکە لە وێنەیەکی جێگیردا دەمێنێتەوە دوای ئەوەی کە بابەتەکە نەماوە بەڵام وێنەکە بەردەوام دەبێت، " کامێرای وێنەگرتن گرنگترین هۆکاری تەکنیک یە کە بە کەڵکی فیلمساز دێت چونکە توانای نووسین بە وێنەمان بۆ دابین دەکات، (ڕۆبێرتۆمۆلیترینی، ٢٠٢٠، لا ١٤٧) بە دروستکەری فیلم دا دەنرێت لە زنجیرەیەکی وێنەی جیاواز پێکهاتووەکە هەر یەکەیان وێنەیەکی فۆتۆگرافی جێگیرە، جیاوازی کەمی هەیە لەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جووڵەیەی کە لە پێش خۆی تۆمار کراوە، بەڵام ئەگەر ئەم وێنانە بەپێی میکانیزمی نمایشکردنی سینەمایی و بە هەمان ڕێژەی خێرایی وێنەکەی ببینین، ئەوا لەبەردەم چاوی بینەردا وەک جووڵەیەکی بەردەوام دەردەکەوێت کە هیچ پچڕانێک نابینرێت، بۆیە سینەما بە شێوەیەکی سەرەکی پشت دەبەستێت بە دیاردەی بەردەوامی بینین. هەروەها تەکنیکی وێنەگرتن لە سەرەتای دروست بوونەوە تاوکو ئێستا گۆرانی بەسەردا هاتووە، ئەوەش بەهۆی گۆرانی سیستەمەکانی کامێرا، کە تۆمارکردنی وێنەی بە سێ سیستەم کاری لەسەر دەکرێت، کە بریتیە: (نێگەتیف، نیوە دیجیتاڵی، دیجیتاڵی) هەر یەک لەم سیستەمی وێنەگرتنانە تایبەتمەندی خۆیان هەیە، هەرچەندە فیلمساز سەربەستە لە بەکارهێنانی هەریەک لەم جۆرە سیستەمی کامێرایە بۆ ئەوەی تەکنیکی وینەگرتنی پێ ئەنجام بدات، بەڵام بۆ وینەگرتن بە کامێرای نیگەتیف فیلمساز پیویستە لەسەر نێگەتیف وێنەبگرێت و پاشان پێویستی بە تاقیگە ئەبێت بۆ بەرهەمهێنانی فیلمەکەی بەهۆی تایبەتمەندی کاسیتی فیلمەوە کە "پێکهاتووە لە پولیمەری روون، بەشێوەیەک کە بەهیز بێت و بەرگە بگرێت، لایەکی ئەو پلاستیکە رووکەش کراوە بە مادەیەک، کە هەستیار بێت بە هێزی موگناتیسی وەک ئۆکسیدی ئاسن، (مەنسوور، ٢٠١٩، لا١٠١) سەرەرای ئەوەی کۆمپانیاکانی کامێرا بە چەندین شێواز گۆرانیان لە کاسێتی فیلم دروستکردووە لە رووی چۆنیەتی و چەندایەتی ، هەرچەندە لە ئێستادا مەرجی زۆربەی فێستیڤاڵ و هۆڵەکانی نمایش دیحیتاڵ بوونی فیلمەکانە. هەروەها " مەبەست لە نیوە دیجیتاڵی ئەو جۆرەیە سیستەمەیە کە بە شیوەی دیجیتاڵی تۆمار دەکرێت، ئامێری تۆمارکردنی کاسێتیشیان هەیە ئەم ئامێرە جۆری جیاوازیان هەیە وەک (vs-c , mini dv , dv cam , dv , beta cam , digital8) : بە شێوەیەکی گشتی ئەم نموونانە ڕوون یەکی نزمیان هەیە (SD) و لە باشترین بارودۆخدا هەندێک لەوانە گەیشتوونەتەHD ، (ڕۆبێرتۆمۆلیترینی، ٢٠٢٠، لا١٤٨)، بەڵام لە شوێنی ئەو جۆرە کامێرایە دەتوانرێت کامێرای دیجیتاڵی بەکار بهێنرێت کە لە ئێستادا بە هۆی گەشەی تەکنۆلۆژیایی کامێراوە ڕوون یەکی زیاتری هەیە کە نەک تەنیا لە (HD) نەوەستاوە، بەڵکوو ئێستا ڕوونی کامێرا گەیشتووتە (HD-FULL HD-3K-4K-5K-6K-7K)بۆیە تەکنیکی وێنەگرتن لە گەشەی بەردەوامدایە، هەروەها ئەم سیستەمە تایبەتمەندی یادگەی هەیە کە دەتوانرێت وێنەکان لەسەر (میمۆری) تۆمار بکرێت، کە بریتییە لە بەشی هەڵگرتن و پاراستنی وێنە، میمۆری لە شێوەی مێشکی مرۆڤ کاردەکات و هەموو ئەو وێنانەی کە کامێرا تۆماری دەکات لە بەشی میمۆری دەپارێزرێت هەروەها کۆپی کردن و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گواستنەوەی ئاسانترە، "میمۆری جۆرەها شێوە و جۆر و قەبارەی جیاوازی هەیە، هەروەها شوێن و ماوەی خەزنکردنی وێنە لە میمۆریەک بۆ میمۆریەکی تر جیاوازە، لەگەڵ گەشەی تەکنۆلۆژیادا ماوەی خەزنکردنی وێنە زیاتر بووە و بەردەوام لە گەشەکردندایە، هەروەها تایبەتمەندییەکی تری سیستەمی دیجیتاڵی لە تەکنیکی وێنەگرتندا ئەوەیە کە کامێراکان چەندین ئامرازی وێنەی هەیە وەک (شەتەر) کە بەشێکی گرنگی کامێرایە کە کۆنترۆڵی ڕێژەی ڕووناکی پی دەکرێت بۆ ناو کامێرا، کە هەتا ڕووناکی زیاتر بێت پێویستە کونی هاوێنە کەمتر بکرێتەوە، بە پێچەوانەشەوە هەتا تاریکی زیاتر بێت پێویستە کونی هاوێنە زیاتر بکرێتەوە، بە هەمان شێوەی چاوی مرۆڤ، هەروەها شەتەر جگە لەوەی ڕووناکیمان بۆ ڕێک دەخات و خێرای بابەتیش کۆنترۆڵ دەکات، بۆیە هەتا وەکوو شەتەر زیاد بکەین خێرای جووڵەی وێنە زیاتر دەبێت، واتا هەرچەندە تەن و بابەت خێرا بن، بە زیاد کردنی شەتەر وێنەکە بە شیوەی ئاسایی نیشان دەدات، کە دەتوانرێت تەکنیکی تایبەتی وێنەگرتنی پێ ئەنجامبدرێت. هەروەها لە کامێرادا (GAIN) و (IOS) هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕووناکی لە کاتی وێنەگرتندا سوودی لێ دەبینرێت لە گرتەیەکدا کە ڕووناکی تێدا کەم بێت یاخود زۆر بێت دەتوانرێت هاوسەنگی ڕووناکی لە وێنەدا دروست بکات، بەڵام نابێت گەین زۆر بکەینەوە چونکە پێکسڵ و ڕوونی وێنە کەمتر دەبێتەوە، پەڵە لەسەر وێنە دروست دەکات کە کار دەکاتە سەر جوانی وێنە. هەروەها بۆ تەکنیکی وێنەگرتن دەتوانرێت فلتەر بەکار بهێنرێت کە توانای هەیە ڕێژەی ڕووناکی بۆ ناو کامێرا کەم بکاتەوە و وێنەیەکی جوانتر تۆمار دەکرێت. لەگەڵ گەشەسەندنی کامێرا تایبەتمەندی زیاتر بۆ کامێرا زیاد دەبێت، کە کاریگەری هەیە لە سەر جوانی و ڕوونی تەکنیکی وێنەگرتنی فیلم.

بۆ ئەنجامدانی تەکنیکی وێنەگرتندا لەڕووی پراکتیکەوە سێ هۆ کار هەیە کە کاریگەری بنچینەیی لەسەر وێنە هەیە ئەوانیش بریتین لە (قەبارەی گرتە، گۆشەی گرتە، جووڵەی گرتە)

قەبارەی گرتەکان بۆ سەرنج ڕاکێشانی بینەر بایەخی خۆیان هەیە، لە وێنەگرتندا پێویستە بزانرێت ئایە قەبارەی گرتەکان چۆن بێت، بە شێوەیەکی هونەری لە دابەشکردنی جۆرەکانی قەبارەی گرتەکاندا بە چەندین شێوە پۆ لین کراون، هەندێک پۆلین بۆ ١٦ یان ١٠ جۆر دا بەشکراون، بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی سێ جۆر گرتە هەیە ئەوانەش لە "ڕێسا جیهانییەکان بۆ گرتەکان پێکهاتووە لە گرتەی گشتی، گرتەی ناوەند، گرتەی نزیک، ئەم جۆرە گرتە جیاوازانە لە ئەنجامی بەرەو پێش چون و گەشەسەندنەوە بەرهەم هاتووە، (دکارتر، ٢٠٠٨، لا١٤٣)، ئەم سی گرتەیە ئەگەر لەسەر مرۆڤیان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

باڵەخانەیەک بێت، بەم شێوەیە لە گرتەی گشتی هەموو بیناکە پیشان دەدرێت، لە گرتەی ناوەند نیوەی باڵەخانەکە بەڵام لە گرتەی نزیک پەنجەرەیەکی باڵەخانەکە وێنە دەگیرێت کە ئەمەش کاریگەری لەسەر تەکنیکی وێنەگرتن و مانای فیلم هەیە.

قەبارەی گرتەکان رۆڵیان هەیە لە پیشاندانی شوێن و کەشی رووداوی فیلم، ئەگەر وێنەگر "بە وردکاریەوە هەموو جووڵەکانی وێنە نیشان بدات لەگەل هەموو ئەو کەرەستانەی لە دەوروبەری رووداوەکەن، (ینظر، ١٩٧٣، ص٣٠٢). هەروەها گۆشەی کامێرا واتا شوێنی وێنەگرتنی کامێرا، رەگەزێکی گرنگی وێنەگرتنە و کە کاریگەریەکی زۆری هەیە لە سەر بابەت، چونکە لە کاتی وێنەگرتندا کامێرا لە هەر ئاستێک دابنرێت بەرامبەر ئەکتەر یاخود بابەتێک، مانا و ناوی هونەری تایبەتی خۆی هەیە، کە بریتین لە گۆشەکانی (بەرز، نزم، ئاستی چاو) کە هەر یەکەیان کاریگەری جیاوازیان هەیە لە سەر بینەران، چونکە هەموو بیرۆکەیەک بە گۆشەیەکی دیاری کراو پیشان دەدرێت چونکە مانا و مەبەستی جیاوازیان هەیە بۆیە، دیاریکردنی شوێنی گونجاوی کامێرا لەکاتی وێنەگرتنی هەر گرتەیەک شتێکە کە دەرهێنەر بڕیار دەدات لەسەر ئەو بنەمایە بینەر گرتەکە دەبینێت کە بەپێی پێویستی سیناریۆ دەستنیشانی دەکات، بەهەڵە دەست نیشان کردنی شوێنی گۆشەی کامێرا بینەر سەرلێشێواو دەکات، بۆیە دەرهێنەر دەبێت هەمیشە لە خۆی بپرسێت لە سەرەتای وێنەگرتنی هەر گرتەیەکی نوێدا شوێنێکی گونجاو بۆ دانانی کامێرا کۆیە و ماوەی گرتەکە چەندە و چی تێدا دەردەکەوێت.

هەروەها بەکارهێنانی تەکنیکی جوڵەی کامێرا لەلایەن فیلمسازانەوە "بەشێوەی وەستا و یاخود جووڵا و بەکار دێت، (محمد، ٢٠١٩، لا١٤٥)، پێویستە فیلمساز وەک تەکنیکی فیلم بە باشی لێیان تیبگات و شارەزای تێدا هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانرێت فیلم بە سەرکەوتووی بەرهەمبهێنرێت، چونکە گرتە جێگای دەگۆڕێت و گۆران کاری بەسەر وێنەدا دێت بۆیە "گرتەی جێگۆر پرۆسەیەکی یەک جار سەختە بەراورد لەگەڵ گرتەی جێگیر. جا ئەمە لە رووی ئەنجامدان، یاخود لەرووی تەرخانکردنی کاتەوە بێت، (کارتر، ٢٠٠٨، لا٣٢٩) چونکە دەکرێت یەک گرتەی جێگۆر شوێنی زنجیرەیەک گرتەی جیگیر پربکاتەوە، لە وێنەگرتنی فیلمدا چەندین جۆری جوڵەی کامێرا هەیە، هەر جوڵەیەک رۆڵ و مەبەستێکی تایبەتی هەیە لە جوانکردن و گەیاندنی مانای فیلم، پێویستە لەسەر فیلمساز جووڵەی کامێرا بە تەکنیکێک جێ بەجێ بکات کە بینەر هەستی پێ نەکات، بۆ ئەوەی لەرزین دروست نەبێت و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بینەر توشی شڵەژان نەبێت و سەرنجیان بۆ ناوەڕۆکی گرتەکان ڕابکێشێت. تەکنیکی جووڵەی وێنەگرتن لە فیلمدا بۆ بەستنەوەی دوو بابەت بە یەکترەوە یاخود گۆڕینی ئاراستەی شاشە بەکار دێت و هەروەها بۆ "هێز دانە بە بیرۆکەکان و دەتوانرێت هەندێک ئامێری سینەمایی بەکار بهێنرێت کە ڕێگە دەدەن کامێرا بە ئاسانی و نەرمی لە بۆشاییدا بجووڵێت، بە دڵنیاییەوە تەنیا کامێرا بەدەستەوەگرتن یاخود کردنە شانی کامێرامان ناتوانرێت ئەو جووڵەیە دروست بکرێت، هۆکارە سەرەکییەکان جووڵە بریتییە لە کرن(Real) ، دۆلی (Dolly) ستیدی کام (Steady cam) هەروەها چەندین هۆکاری تریش هەیە بۆ نموونە جیمی جیپ کە دەسکێکی ئاسنینە و بەهۆی سیستەمێکی قورساییەوە دەجووڵێت (ڕۆبێرتۆمۆلیترینی، ٢٠٢٠، لا١٣٦)، یاخود فلای کام کە ئەم جۆرەیان سوودی لێ دەبینرێت لە دیمەنی ئەو فیلمانەدا کە جەماوەرێکی زۆر بەشدارن و پێویستە پیشان بدرێن وەک دیمەنەکانی جەنگ، خۆپیشاندان، کۆنسێرت.. هتد بۆ ئەوەی بتوانرێت لە سەرەوە وێنە بگیرێت، هەروەها جۆرێک جووڵەی کامێرا هەیە کە پەیوەستە بە جووڵەی لێنزی کامێرا واتا تەنیا لە سەر کامێرادا جێبەجێی دەکرێیت. بەکارهێنانی هەموو ئەم تەکنیکانی وێنەگرتن بەمەبەستی جوانی و بەخشینی مانا لە فیلمدا بەکاردێت.

**٢-١-٢ تەکنیکی ڕووناکی:** "ڕووناکی جۆرێکە لە جووڵەی وزە، لەسەر بنەمای گواستنەوەی شەپۆلەکانی دوو تایبەتمەندی بنەڕەتی هەیە، فرێکوێنسی بە واتای ژمارەی شەپۆلەکان دێت، هەروەها درێژی شەپۆل بەواتای مەودای نێوان لوتکەی شەپۆلی ڕووناکی. کەبە سەرچاوەی سەرەکی دادەنرێت بۆ بەدەستهێنانی بینین و بەبێ ڕووناکی هیچ شتێک نابینرێت، (سلمان، ٢٠٠٥، ص٩) سەرەرای ئەوەی ڕووناکی لە سینمادا بە ڕەگەزیکی تەکنیکی گرنگی دروستکردنی فیلم دادەنرێت و کاریگەری لەسەر جۆری وینەکان هەیە، ڕۆڵی ڕووناکی لە واقیعدا چڕکراوەتەوە بۆ ئەوەی بتوانین بە ڕوونی شتەکان ببینرێت، بەڵام لە سینەمادا ڕووناکی هاوشێوەی ڕۆڵەکەی لەسەر ئاستی واقیع دەست پێ دەکات پێویستە وێنە بە ڕوونیی تۆمار بکرێت تاوەکو بینەر بیبینێت و دواتر لێکدانەوەی بۆ بکات، بەڵام ڕووناکی لە هونەری سینەمادا زیاد لە ڕۆڵێکی هەیە وەک جوانی و پشتگیری دراما، سەرنج ڕاکێشان، بەخشینی هێماکان، کاریگەری لەسەر ویژدانی بینەر، دەرخستنی جیاوازی چینە کۆمەڵایەتییەکان. هەربۆیە لە فیلمسازیدا تیمیکی تایبەت لە دانانی ڕووناکی کاری لەسەر دەکەن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

كەپێكهاتووە لەبەریوبەری وێنەگرتن و تیمی روناكی كە هاوكارن بۆ گەیشتن بە كەشی فیلم. بەڕێوەبەری وێنەگرتن لەكاتی نەخشەدانانی رووناكیدا دەبێت گرنگی بەدوو هۆكار بدات. یەكەمیان ئەوەیە كەرووناكییە بەجۆرێك دابنرێت كە بۆ وێنەگرتنەكە شیاو بێت، تیشكی رووناكییەكەی بەو جۆرە بێت كە كەشی نمایشەكە بێنێتـە دی كە داواكراوە بۆ پیشاندانی حالەتەكانی (خەماوی، شادی، ترسناك، هەڵچوون) هەروەها یارمەتیدەر بێت لە كاتی وێنەگرتن لە فەزای كراوە یان داخراودا، پێویستە ڕووناكی دیمەنەكانی فیلم بە سرووشتی بێنە بەرچاو، ئەم كارەش بەهۆی هۆكارە تایبەتییەكان و هەندێک جار بە دروست كردنی دژ لەنێوان ڕووناكی و سێبەردا ئەنجام دەدرێت، (گیتاگرگانی، ٢٠٠٢، لا١٧٥)، هەروەها شێوەی ڕووناكی لە دروستكردنی فیلمی سینەمایدا پەیوەستە بە تەكنیكی بەكارهێنانی ڕووناكی چونكە " هەر ڕووناك یەک بۆ خۆیی گەرمایەکی تایبەتی هەیە كە وابەستەیە بە جۆری گڵۆپەكەوە، ڕەنگەكەشی دەگۆڕێت بۆ نموونە: نیۆن(NeonLamps) ، هالۆژن (Halogen Lamps)، لید(Led Light) ، هەروەها دەتوانرێت بەهۆی جەلاتینەوە یاخود كاغەزی ڕەنگاوڕەنگی ڕوون ڕەنگی ڕووناكی بگۆڕێت، (ڕۆبێرتۆمۆلیترینی، ٢٠٢٠، لاپەرە١٣٢)،كە یارمەتیدەرە بۆ پیشاندانی كاتی دیمەن كە ئایە زەمەنی فیلم ڕۆژە یان شەوە، هەر گڵۆپێک یان ڕووناك یەک پلەی گەرمی تایبەتی ڕەنگی خۆیان هەیە كە لەسەر بنەمایی نمرەی ڕووناككردنەوە دروست كراون، ڕەنگ ڕەگەزێكی گرنگی وێنەیە كە لە ڕێگەیەوە كاریگەری لەسەر باری دەروونی تاك زیاتر دەكات و سەرنجی وەرگر بۆ لای خۆی ڕادەكێشیت، بۆیە خەمی سەرەكی فیلمساز دابەشكردنی ڕووناكییەكە بۆ تیشك خستنە سەر پێكهاتەی گرتە و هەڵبژاردنی دروستی ئاراستەی ڕووناكی ڕۆڵ و كاریگەری دەبێت لەسەر جوانی و ڕوونی بابەت، لە هەمان كاتدا ڕووناكی ڕۆڵی سایكۆلۆژی هەیە و كەشی گونجاو بۆ ڕووداو و ناوەڕۆكی فیلم دەڕەخسێنێت، هەروەها لە دانانی تەكنیكی ڕووناكی جیاوازی هەیە لەنێوان ژانری فیلمەكان بۆ نموونە (كۆمیدیا، تراژیدیا، ترس و ڕۆمانسی)، دانانی ژمارەی سێبەرەكان و ئاراستەی ڕووناكی جیاوازی هەیە و هەموو دیمەنێک ڕووناكی تایبەتی و سروشتی خۆی بۆ دادەنرێت كە پیشاندەری ناوەڕۆكی فیلم بێت.

### ٢-١-٣ تەكنیكی دەنگی فیلم:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەنگ هاوشێوەی وێنەی رەگەزێکی گرنگە لە بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی، لەگەل گەشەکردنی تەکنیکی وێنەی فیلمدا دەنگیش بە هەمان ئاست رۆڵی خۆی هەبووە لە هاوکێشەی فیلمی سینەماییدا، چونکە نمایشکردنی وێنە بەبێ دەنگ ناتوانێت گوزارشتی تەواو لە هەست و سۆز و ئاماژەکان و مانا بکات. "ئێستا دەنگ دەتوانێت وەک پێکهێنەر و تەواوکەری سیناریۆ و مۆنتاژ خۆی پێناسە بکات، میوزیکی وێنەی ئەمرۆ بەکارهێنانی گەیشتوە بە ترویک و یەکێکە لەو رەگەزانەی کە ئەگەر لە سیناریۆیی دابرین لەنگیەکی بەرچاو دەنێتەوە کەلێنێکی گەورە دروست دەکات، (کاردۆ، ٢٠١٠، لا٤٩) فیلمسازان پشت بەچەندین تەکنیک و میکانیزم دەبەستن بۆ یارمەتیدانیان بۆ دروستکردنی دەنگی بەرهەمەکەیان، کە بەپێی کوالێتی و بەهاو چاوەڕوانکراوی بینەران بێت، چونکە نمایشکردنی وێنە بەبێ دەنگ ناتوانرێت گوزارشتی تەواو لە هەست و ئاماژەکان بکات، بۆیە لە فیلمدا دەنگ یەکێکە لە تەکنیکە گرنگەکان کە ڕۆڵی هەیە لە سەرنج ڕاکێشانی بینەران و دەرخستنی دووری و نزیکی بابەتەکان، هەروەها ڕۆڵی هەیە لە گەیاندنی پەیام و تەواوکاری بابەتی فیلم و ڕوونکردنەوەی کارتێکردن لەسەر هزر و چۆنیەتی ڕەفتاری بینەران. بۆیە بە توخمێکی گرنگی زمانی دەربڕینی سینەمایی دانراوە، وەک یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی فیلم لە لایەن فیلمسازانەوە دادەنرێت وەک توخمەکانی تری پێکهاتەی فیلم. بۆیە فیلمساز ناتوانێت دەستبەرداری تەکنیکی دەنگ بێت، " بە گرنگییەکی زۆرەوە دەنگ ڕۆڵی هەبووە سەردەمی سینەمای بێدەنگ و دواتریش سەردەمی دەنگدار، بۆ ئەوەی لە کاریگەریی دەنگ تێ بگەین نابێت لە بیری بکەین کە لە سەردەمی سینەمای بێدەنگ، فیلمە بێدەنگەکان چەندین سەرچاوەی دەنگییان بۆ هەموو جۆرە فیلمێک داناوە بۆ ئەوەی بینەران گوێیان لێ بێت وەک میوزیکی ڕاستەوخۆ لەلایەن پیانۆژەنێک یان تیپێکی تەواوی ئۆرکێسترا پێشکەش کراوە. (محمد، ٢٠١٩، ص٧٠)، مەبەست لەناوی سینەمای بێدەنگە بە هۆی نەبوونی دیالۆگی نێوان کارەکتەرەی فیلمەکانەوە بووە، ئەگەر نا چەندین سەرچاوەی دەنگیی کە لە ئامێرە جۆراوجۆرەکانی میوزیکەوە بەرهەم دەهێنرێت لە سینەماکەدا ئامادە بوو. شۆڕشی دەنگی لە سینەما بەهۆی ئەوەوە دروست بوو کە فیلمی بێدەنگ وەک جەستەیەکی بێ گیان دادەنرا، ئەو هەستە مەزنە لەلایەن فیلمسازەکانەوە هەستی پێکرا دەربارەی ناتەواوی سەرکەوتن لە کاری فیلمەکەیان وای لێکردوون بەردەوام بن لە تاقیکردنەوەی پێویستیی دەنگیی فیلم، تا لە کۆتاییەکانی ١٩٢٠کاندا، زۆربەی فیلمەکان بوون بە دەنگ، جا چی دیالۆگ بێت یان یەکێک لە میوزیکژەنەکانی لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دیمەنی فیلمەکەدا میوزیک دەژەنێت، بۆیە دەنگ بووە بەشێکی گرنگی بەرهەمهێنانی فیلمەکانی هۆلیوود بەتایبەت لەگەڵ گەشەکردنی تەکنۆلۆژیادا، " ئەوەی جێی سەرنجە شێوازی دیجیتاڵی لە دەیەی (١٩٩٠) ەوە سوودی لێ وەرگیراوە لەم شێوازەدا دەنگە گڕەکان وەک تەقینەوەکان و دەنگەتیژەکان وەک دەنگەکانی کەمانچە زیاتر بە ڕوونی تۆمار دەکرێت. هەروەها دەنگەکانی تریش وەک تەقەکردن و پێکدادانی ئۆتۆمبێل لە شێوازی دیجیتاڵیدا بە جۆرێکی باشتر تۆمار کرا (گیتاگرگانی، ٢٠٠٢، لا١٧٨)، میوزیکی وێنەی دروست دەکرا و دروستکردنی مایکرۆفۆنی نوێ بۆ دەنگی فیلم بەکارهێنران، چونکە کاریگەری دەنگ وەک دەرکەوتنی وێنە وایە، بە هۆیی پەرەسەندن و تەکنیکی داهێنەرانەی دەنگ، ئاسۆی نوێی کردەوە بۆ فیلم و نمایشی فیلمی دەوڵەمەندتر کرد، چەندین گۆڕانکاری دروست کرد لە شێوەی دروستکردنی فیلمدا. فیلمساز خەمی گۆڕانکاری و بەرزکردنەوەی دیمەنی فیلمەکەیان بوو، بە هەموو توخمەکانی دەنگ کە یارمەتیدەرە بۆ بەرزکردنەوەی بەها و کوالێتی فیلم، هەروەها میوزیک لە فیلمەکاندا کە بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەندی بە بابەتی فیلمەکەوە هەیە، دەربڕی بارودۆخی تایبەتە وەک بابەتە تراژیدیاکان و هەمەچەشنیی لە بابەتی کۆمیدی و ڕۆمانسی، کۆمەڵایەتی، بابەتەکانی تردا. هەروەها بەکارهێنانی کارتێکەرە دەنگییەکان بەشێوەی فراوان لە فیلمەکاندا پەرەی پێ دراوە، کە هەموو ئەو جۆرە دەنگانە دەگرێتەوە کە لە ژیانماندا گوێمان لێ دەبێت وەک: دەنگی با، بروسکە، باران، دەنگی شەمەندەفەر، ئۆتۆمبێل، ئامێری پیشەسازی، یان دەنگی گیانەوەر. بەپێی ویستی سیناریۆ بەکار دێت. هەروەها ئەو پرۆگرامانەی کە ئێستا تەکنیک کارانی دەنگ لە جیهاندا بەکاری دێنن زۆرن بۆ کارکردنی لە تەکنیکی دەنگی فیلمەکاندا وەک بەرهەمەکانی ئەدۆب، بەشی دەنگی فایناڵ کەت، بەرهەمی ساوند تراک پرۆ و ئەپۆل، بەشی دەنگی ئیدیۆس...هتد. لەگەڵ چەندین پرۆگرامی تر کە لەگەڵ گەشەکردنی تەکنۆلۆژیادا دروست دەکرێن، بۆیە فیلمسازان بە سوود وەرگرتن لە پرۆگرامەکانی مۆنتاژ دەتوانن ئاستی بەرزی و نزمی دەنگ هاوسەنگ بکەن و ئەگەر دەنگێک نۆیسی هەبوو دەتوانرێت لە بەشی لابردنی نۆیسی دەنگەکان سوود ببینرێت، بۆ ئەوەی لە کۆتایدا فیلمێکی خاوەن تەکنیکی دەنگی بەرز بەرهەم بهێنرێت.هەروەها لە هەموو فیستیڤاڵە جیهانەیەکانی وەک (ئۆسکار، کان، ڤینسیا، بەرلین) خەڵاتی تایبەت بە تەکنیکی دەنگ هەیە کە ئەمەش گرنگی دەنگی فیلم دەسەلمێنێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٢-١-٤ تەکنیکی مۆنتاژ:**

لە هونەری سینەما بەتایبەت لەقۆناغی سێیەمی پرۆسەی دروستکرنی فیلم کەقۆناغی دوای بەرهەمهێنانە مۆنتاژ دەست پێدەکات بەشێوەی تەکنیکی، قۆناغێکی کاریگەرەلەچۆنیەتی دەرچوونی فیلم وردکاری و لێهاتووی مۆنتێری پێویستە "مۆنتاژ واتا بەیەکەوەلکاندنی دوو گرتە، کە هەر یەکەیان مانایەکی تایبەتی خۆی هەیە و دەبێتە هۆی دروست بوونی مانای سێیەم، (مەردان، ٢٠٠٥، لا٥٦.) یاخود بریتییە "لە لێدانی فیزیکی دوو پارچەی جیاوازی فیلم، (دانسایجر، ٢٠١١، ص٢٣) تەکنیکی مۆنتاژ بە گرنگترین تەکنیکەکانی بەرهەمهێنانی فیلم دادەنرێت، وشەیی (Montage)ی فەرەنسی بە واتایی کۆکردنەوە و لکاندن دێت، لە ئینگلیزی ووشەی (Editing) مانای کرداری کۆکردنەوەی گرتەکانە و ریز بەندکردنیان دێت. "مۆنتاژی گرتە جێگیرەکان لەو کاتەوە دروست بووە کە یەکەم جار دوو وێنەی سینەمایی گیراوە و داهێنەرێکی سینەمایی ئەو دوو گرتەیەیی پێکەوە لکاندووە، (میخایلرۆم، ٢٠١١، لا١٢٥) بۆ ئەوەی مانای فیلمەکەی تەواو بکات، هەروەها ئامانج لە مۆنتاژ کۆکردنەوەی هەموو پێکهاتەکانی فیلمە واتا بریتییە لەتەنیشت یەکتر دانانی توخمەکانی چیرۆک لە پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا، ئەم توخمانە دەتوانن توخمی بینین و دەنگ یان تەنانەت دەستتێوەردان (وەک دەستکاری کات)، یان تێکەڵاو یەک لە مانە بێت، مۆنتاژ پرۆسەیەکە کە مۆنتێر هەڵدەستێت بە هەڵبژاردن و بەکار هێنانی گرتەکان لە خامی وێنەگردا و و دووبارە ڕیز بەندکردنیان، کە پێویستە بەجوانی و شارەزایەوە گرتەکان دابنرێت، پێویستە ماوەی گرتەکان بە پێی پێویست بێت نە کورت و نە درێژ بێت، هەروەها گونجاندیان لەگەڵ دەنگ و ڕیتمی میوزیکدا بێت.

ئەو وێنە گیراوانەی لە قۆناغی بەرهەمهێنانی فیلم وێنە گیراون و هەڵگیراون بۆ قۆناغی دوای بەرهەمهێنان، لەلایەن مۆنتێرەوە مۆنتاژی بۆ دەکرێت، بەگوێرەی سیناریۆ یەک لەدوای یەک و بە ویستی دەرهێنەر گرتە گونجاوەکان هەڵدەبژێررێن و بە یەکەوە دەلکێنرێت، بۆ دروستکردنی دیمەن و سکانس پاشان چیرۆک و گێڕانەوە لە فیلمدا دروست دەبێت، کە دەستپێک و ناوەڕۆک و ڕووداو و کۆتایی فیلم دیار دەبێت و بینەر بەئاسانی دەتوانێت لە ماناکەی تێ بگات.

مۆنتێر دەرهێنەری دووەمی فیلمە، پێویستە دەرهێنەر و مۆنتێر لە گفتوگۆی بەردەوامدان بۆ ئەوەی بتوانرێت بە شێوەیەکی هونەری داهێنەرانە فیلم بگاتە باشترین ئەنجام، ئامادەبوونی دەرهێنەر لە کاتی مۆنتاژکردنی فیلم بۆ ئەوەیە هەر چی تێبینی بۆچوونی هەیە بە مۆنتێری بڵێت، بەتایبەت شێوازی مۆنتاژکردنی دیمەنەکانی فیلم ئایە بەبەردەوامی بێت یاخود بە پچڕان کە دوو شێوازی مۆنتاژن و سەر بە دوو قوتابخانەی مۆنتاژن، هەروەها لە فیلمسازیدا هۆکارێکی تری " مۆنتاژ دروستکردنی ڕیتمە کە دەبێتە هۆی جووڵاندنی هەستەکان پیوستە بەشێوازێک بێت  بینەر سەیرکردنی یەک لە دوایی یەکی گرتەکان دەستەبەر بکات و گوزارشت لە ڕووداو و بیرۆکەیەکی دیاریکراو بکات، هەروەها لەگەڵ گەشەکردنی تەکنەلۆژیایی سینەمایدا چەندین پرۆگرامی جۆراوجۆری کۆمپیوتەر داهێنراوە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی مۆنتاژکردن، وەک (فایناڵ کەت، ئەدۆپ پریمەر، ئافتەر ئیفێکت، ئەڤید، ئیدیۆس) چەندین پرۆگرامی تر.

٢-٢ چەمک و ناساندنی بەرهەمهێنان و قۆناغەکانی:

٢-٢-١ چەمک وناساندنی بەرهەمهێنان:

"بەرهەمهێنان هەموو ئەو چالاک یە زیندووانە دەگرێتەوە کە مرۆڤ لە ژیاندا جێبەجێیان دەکات و هەموو ئەو کار و کاردانەوانەش لە خۆ دەگرێت کە سوود بە کەسانی تر دەگەیەنیت، (حسن، ٢٠١٣، لا١١)، چونکە هەموو بەرهەمێکی مرۆیی کە لە ئەنجامی بیر و ڕەنجەوە سەرچاوە دەگرێت دەبێتەبوونێکی بەرجەستەکراوە، بەرهەمهێنانی فیلم ئامانجەکەی گۆڕینی بیرۆکەی مرۆڤە بۆ کۆمەڵێک وێنەی جووڵاو، دابەشکردنی لە فۆرم و ناوەڕۆکێکی ڕووندا بۆ بینەران و کاریگەری خستنەسەریان، هەروەها "سینەما دەستەواژەیەکی پیشەسازی و بازرگانیە بە پلەی یەکەم دواتر هونەر و پەیام، زانست دەبێتە تەواوکاری ئەو کەرتەی بە ئابوری نەرم یان هێزی نەرم دەناسرێت، (خان، ٢٠٢١، لا ١٤) بۆیە تا ئێستاش بەشێک لە بەرهەمهێنەران سینەما تەنیا وەک پیشە دەبینن. چونکە لە یەک فیلمدا لە ستۆدیۆکانی هۆلیووددا سەدان کەس بەشدارن لە دروستکردنی فیلمدا و سەرچاوەی داهاتێکی زۆرە، هەر بۆیە سینەما هونەرێکە بناغەیەکی ئابووری هەیە و زۆر بەنرخ و گرانە. بەرهەمهێنانی فیلم بۆنێکی کاریگەری هەیە کە کۆمەڵە کارێکە لەلایەن بەڕێوەبەری بەرهەم جێ بەجێی دەکرێت کە بریتییە لە: "گۆڕینی Transformation بەکار هێنراوەکان In Put بۆ بەرهەم

Out Put یاخود دەرچووەکان. کە بریتییە لە زنجیرەیەک کردار لە ناو ستۆدیۆکانی سینەمای ئەنجام دەدرێت، لە ڕێگەی گۆڕینی بەکاربراوەکان لە دەرامەتی مرۆیی و سروشتی و مادی. (سماقەیی، وانەی ٥، ٢٠٢١) زۆر هۆکار و ڕێگا بۆ بەرهەمهێنان پیشەسازی فیلم هەیە، کە بە درێژایی مێژوویی فیلمسازی لە گۆڕاندایە، بەڵام هەمموو کات سیستەمی سەرمایەداری و دەسەڵاتدارەکان ڕۆڵی گرنگیان لە بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمادا هەبووە و پشتیوانی بوون، "ئەمەش هەستیاری و کاریگەری فیلم دەردەخات و دەبێتە جێگای سرنجی دەسەڵات و دەوڵەت، کۆمپانیا قازانج ویستەکان، شۆڕشگێرەکان.. هتد، (جەمال،٢٠٢٠ ، لا ٢٣)

بۆ نمونە هۆلیوود لە ڕێگەی گرنگترین کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانەوە وەک (فۆکس و میترۆ گۆڵدوین مایر و پارامۆن و برایانی وارنەر و یونی ڤێرساڵ و واڵت دیزنی و کۆلۆمبیا) بازاڕی جیهانی لەم بوارەدا بەڕێوە بردووە، جگە لە پیشەسازی فیلمی ئەمریکی لە کیشوەری ئاسیادا وڵاتێکی وەک هیندستان گەشەی بە سینەماکەی داوە کە "ناسراوە بە بۆلیوود گەورەترین کۆمپانیا تایبەت بە بەرهەمهێنانی فیلمە هیندیی ناوی (ساکهرام بهاتاڤدکار) ە لەساڵی (1899) بەردی بناغەی سینەمای هیندی دانا، (البزور، ٢٠١٨، لا٢٧)،قەبارەی بەرهەمهێنانی پیشەسازی سینەما لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە، بەپێی بەرژەوەندی و هاندانی ئەو وڵاتە بۆ کەرتی فیلم دەگۆڕێت، "بۆ نموونە سینەمای ئەمریکا لە ساڵی 1917دا توانیویەتی 175 فیلمی بەرهەم هێناوە و لە سەرەتای ساڵانی 1920 هالیوود توانیویەتی نزیکەی 75٪ ی هەمموو فیلمی جیهانی تێدا وێنە بگیرێت. لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە پیشەسازی فیلمی ئەمریکی چووە ناو تەمەنی زێڕینییەوە و ڕێژەی بەرهەمهێنانی 500 بۆ 600 فیلم لە ساڵێک دابوو، لە ساڵی 2002 و 599 فیلم لە ساڵی 2006 و 819 فیلم. هەروەها لە ساڵی 2011 پیشەسازی فیلمی هیندستان ساڵانە 1000 فیلم بەرهەم دەهێنێت و لە هەمموو ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ناوبانگی جیهانی زیاد دەکات، هیندستان لە ساڵی 2009دا توانی زیاتر لە 2961 فیلم بەرهەم بهێنێت، (وهيبة، محاضرات٣، ٢٠١٥)، بۆیە ڕوون و ئاشکرایە سینەما وەک بەرهەمهێنان و وەبەرهێنان قازانجی زۆر دەکات. بۆیە پیشەسازی فیلم بۆ لێکەوتە ئابوورییەکانی کار و بەهێزکردنی توانای ئابووری نەتەوەکان بە کار دەهێنرێت و بووەتە جێگای پێشبڕکێی نێودەوڵەتی، " لە ئێستا سینەما بەشێکی سەرچاوەی ئابووری لە چەندین وڵاتی گەورە و بەهێزدا، سینەما لەدوای هێزی سەربازی دووەم کاریگەرترین دەسەڵاتە لە وڵات، (محمد، ٢٠١٩، لا١٩).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٢-٢-٢ قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی فیلم:**

سینەما لەڕێگەی بەرهەمهێنانی فیلمەوە دروست دەبێت و ئەگەر چی پرۆژەی بەرهەمهێنانی سینەمایی پرۆژەیەکی هونەرییە بەڵام بازرگانەکان و کۆمپانیاکان وەک کاڵایەکی پیشەسازی مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، بەرهەمهێنان لە فیلمسازیدا پێویستی بە زانست و شارەزایی هەیە لە چۆنیەتی ئەنجامدانیدا، وەک هەر جۆرە بەرهەمێکی بازرگانی، ئەگەر پرۆسەی بەرهەمهێنانی فیلم بە زانستی ئەنجام نەدرێت، پرۆژەی فیلم لە بواری هونەری و کوالێتی لە ئاستێکی نزم دەبیت، کات و تێچووی زۆر دەبێت و بە کۆتا ناگات، هەموو فیلمێک دەبێت بەباشی و بەپێی هەنگاوەکانی بەرهەمهێنان بڕوات و لەلایەن بەڕێوەبەری بەرهەم و ستافی ئیداری و هونەرییەوە بە زانستیانە جێبەجێ دەکرێت،بە شێوەیەک فیلم بەرهەم بێت کە خەرجی و تێچووەکانی کەمتر بێت و داهاتی زۆرتر بێت ئەمەش بەرهەمە سینەمایەکە پوختتر و بەهێزتر دەکات، واتا پێویستە سەرەتا توێژینەوە لە ئامانجەکانی پرۆژە لە ڕووی ئابووری و هونەری و کۆمەڵایەتییەوە بکرێت بۆ ئەوەی پارێزگاری لە سەرمایەی پرۆژە بکرێت، بۆیە شارەزایان و کۆمپانیاکان و فیلمسازان چەند قۆناغێکیان بۆ بەرهەمهێنانی فیلم لە ڕووی کارگێڕی و هونەرییەوە داناوە کە هەندێکیان سێ قۆناغ و هەندێکی تریان چوار قۆناغ یان زیاتریان داناوە بەڵام هەر یەک لە قۆناغەکان جیاوازن و تەواوکەری قۆناغەکانی دیکەن، لە ئەنجامی گەران و بەدواداچوونێکی ورد بۆمان ڕوون بووەتەوە کە قۆناغەکانی بەرهەمهێنان بریتییە: لە (پێش بەرهەمهێنان، بەرهەمهێنان، پاش بەرهەمهێنان). هەریەک لەم قۆناغانە چەندین هەنگاو لە خۆ دەگرێت و چوارچێوە و بەشی تایبەتی هەیە، کە بەڕێوەبەری بەرهەم کۆنترۆڵی دەکات و بەرەو پێشەوەی دەبات بەم شێوازەی خوارەوە:

**١-٢-٢-٢ پێش بەرهەمهێنان(pre production)**

بۆ بەرهەمهێنانی هەموو فیلمێک پێویستە بە قوناغی پێش بەرهەمهێنان تێ بپەڕێت، کارە زەحمەت و قورسەکان لێرەدا دەبێت بیری لێ بکرێتەوە و ئامادەسازی بۆ بکرێت، ئەگەر ئەم قوناغە بەباشی دەست پێ بکات و بە بەرنامە و پلانێکی تۆکمەوە کارەکان دابەش کرا و بیر لە چارەسەر و میتۆد و

شێوازی تایبەت کرایەوە، ئەوە لە قۆناغەکانی داهاتوودا کارەکان بەباشی بەڕێوە دەچن، بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەوە بوو، ئەوە زەرەرمەند دەبێت کات و بودجەی فیلم لەدەست دەچێت. بۆیە " هێندەی کات پێویستە بۆ ئامادەکاری سیناریۆ و ئەکتەر و ستافی پشتەوەیت کامێرا و پلان و شوێنی فیلم، زۆر کاتێکی کەمترت پێویستە بۆ وێنەگرتنی فیلم، (محمد، ٢٠١٩، لا٢٥)، پێویستە هەموو ئامادەکارییەکان بە باشی بەڕێوە بچێت، لەم قۆناغەدا هەموو پلان و پرۆسە و ڕێکخستنی کارەکانی دروستکردنی فیلم لە خۆ دەگرییت.

**٢-٢-٢ بەرهەمهێنان:( Production)**

لەم قۆناغەدا دەست بە تۆمارکردنی دیمەنەکانی فیلم دەکرێت، " ئەم قۆناغە تا ئاستێک یەکلاکەرەوەی بڕیاری دەرهێنەرە کە چۆن و بە چی شێوەیەک پلانی خۆی دادەڕێژێت بۆ تۆمارکردنی دیمەنەکان، (ئدریس، ٢٠١٠، لا٦٤)، قۆناخی وێنەگرتنی فیلم بەپێی بەرنامەی داڕێژراو کاری هونەری دەست پێ دەکات، پێی دەڵێن (خولی هونەری فیلم) قۆناغی وێنەگرتنی دیمەن و ڕووداوەکانی ناو سیناریۆیە، هەموو فاکتەرەکان بە پێی ئەو بابەتە ئامادەین و ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ دەکەن. لە بەرهەمهێنانی سینەما دابەشکارییەکی تایبەتی هەیە و لە ناوەندی دروستکردنی فیلم هەموو کارێک تەواو ڕێکخراوە تەنانەت بچووکترین کاریش بێت، تایبەتمەندی قۆناغی بەرهەمهێنان بریتییە لە (دەرهێنان، وێنەگرتن، ڕووناکی، دەنگ، نواندن، میوزیک، مۆنتاژ)، بەرهەمهێنان بزوێنەری ڕاستەقینەی پیشەی سینەماکارانە و هەر کات بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان ئامادەسازی تەواوی کردبوو قۆناغی وێنەگرتن بەباشی بەر و پێشەوە دەروات، چونکە وێنەگری فیلم دەتوانێت بەپێی ئەو پلانەی کە دەرهێنەر بۆی داناوە وێنەگرتن بە شێوەیەکی باش ئەنجام بدات دوور لەو ئاستەنگانەی کە تووشی دەبێت، هەموو ڕۆژێک بەپێی کاتژمێری دیاری کراو کاست لەسەر شوێنی وێنەگرتن دەبن، دیزاینەری دیکۆر و ڕووناکی و جلوبەرگ ئارایشت کاتێکی زیاتریان پێویستە دەبێت زووتر ئامادەبن، هەروەها یاریدەدەری دەرهێنەر بەپێی دیکوپاژ و پلانی دەرهێنەر ستاف ئامادە دەکات. پاشان لەسەر کلاکیت ژمارەی دیمەن و گرتە تۆمار دەکرێت، وێنە بە ئەگشنی دەرهێنەر دەست پێ دەکات و بە گوتنی کەت کۆتای دێت. لە کۆتایی هەر ڕۆژێک بەرنامەی ڕۆژی داهاتوو لەلایەن بەرنامەڕێژ دادەنریت وکات وشۆێنی داهاتوو بۆ ستاف دیاری دەکرێت, هەروەها دەرهێنەر و بەرهەمهێنەر وێنە

تۆمارکراوەکان سەیر دەکەن، ئەگەر گرفتیان لە گرتەیەک هەبێت دووبارەی دەکەنەوە تا وەکوو دەگەن بە گرتەی گونجاو، دوا گرتەی وێنەگرتنی فیلم کۆتای بە قۆناغەی بەرهەمهێنان دێنێت.

**٢-٢-٢-٣ پاش بەرهەمهێنان:( post Production)**

کاتێک کە کامێرا دەکوژێنرێتەوە و ستاف ئازاد دەکرێت قۆناغیّ پاش بەرهەمهێنان دەست پیّ دەکات. لێرەوە کاری مۆنتێر دەست پیّ دەکات بۆ مۆنتاژکردنی وێنە تۆمارکراوەکانی فیلم، دەربارەی گرنگی ئەم قۆناغە دەتوانین بڵێین رێژەی درێژەی کاتی بەرهەمهێنان وەک رێژەی بەشی سەریکێویکی بەفرە لەناو ئاویزەریایەکدا. چونکە مۆنتاژ لەم قۆناغەدا رۆڵێکی زۆر کارای هەیە لە چۆنیەتی دروستبوونی فیلم لەم قوناغەدا  وێنە گیراوەکان دەدرێن بە مۆنتیر بۆ ئەوەی مۆنتاژی بکات بێگومان بە بەشداری دەرهێنەر گرتەکان گونجاوەکان هەڵدەبژێرن و دواتر گرتەکان لەیەک دەدرێت پاشان کاری ئیفێکات و رەنگی فیلم دەکرێت، بۆ ئەوەی بەردەوامی لە فیلمدا دروست بکات، دواتر مۆنتێر دیالۆگەکان لەگەڵ وێنەکان رێک دەخات، هەروەها دەنگ دیزاین دەکات و ریتم و تیمپۆی فیلم دروست دەبێت، لەم قوناغەدا فیلمساز چەند ئەرکێک جیّ بەجیّ بکەن وەک مۆنتاژی وێنە و ڕەنگ، دیالۆگ، میوزیک، دیزاینی کارتێکەری دەنگی. دوای مۆنتاژ و کردنی فیلم بە فۆرماتێک ئامادە دەبێت بۆ پەخشکردن و نمایشکردن. پاشان قۆناخی دابەشکردن دێت و فیلم دەنێرێت بۆ هۆڵەکانی سینەما بۆ نمایشکردن یان ڕاستەوخۆ بۆ میدیای  بەکاربەرVHS ، VCD، DVD، Blu - ray یان داگرتنی ڕاستەوخۆ لە دابینکەری میدیای دیجیتاڵی و بە فۆرماتی (AVI , MPEG) ئامادە دەکرێت، پاشان قۆناغی ڕیکلام دەست پی دەکات و پۆستەر و تریلەر و بۆ فیلم دروست دەکرێت و لە ئینتەرنێت و سۆسیال میدیا بڵاو دەکرێتەوە لە ئێستادا"تۆرە کۆمەڵایەتییەکان شێوازێکی تازەن بۆ پڕوپاگەندە، چونکە بە پێی بازاڕی کار ئەم تۆرانە کراوەن، (سابیر، ٢٠٢٠، لا٢١٦)، بەهۆی سیستەمی ڕیکلامی ئەو تۆرانە بە ئاسانی دەتوانرێت سەرنجی بینەر بۆ فیلمەکە ڕابکێشرێت.

پاشان فیلم دابەش دەکرێت بەسەر بازاڕی ناوخۆ و دەرەوەدا بەمەبەستی بەدەستهێنانی زۆرترین قازانج، هەر بۆیە دابەش کار هەموو هەوڵێکی خۆی دەدات بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە فیلم دابەش بکات و فیلم داهاتێکی زۆری هەبێت و قازانج بکات. فرۆشتنی فیلمە لە ڕێگای کەسی بێت یان بە هۆی کۆمپانیاوە بێت بە دوو جۆر جێبەجیّ دەکرێت، بازاڕی ناوخۆیی و بازاری دەرەوە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەرهەمهێنەریش چاوەڕێی بەدەستهێنانی گەورەترین سەرچاوەی داهاتە کە دەتوانێت قازانجەکە زیاتر بکات، دابەشکردنی فیلم پرۆسەیەکی ڕێکخراوە، کە تێیدا دابەش کار فیلم بە باشترین شێوە بڵاو دەکاتەوە، دابەش کار دەبێت هۆڵی گونجاو دابین بکات و بەروار و کاتی گونجاو هەڵبژێرێت بۆ نمایشکردن بۆ دڵنیابوون لە بەرزترین داهات بۆ فیلم.

### ٣-٢ چەمک و ناساندنی فیلمی کوردی :

"هونەری سینەما و جۆری فیلمەکان بەشێکی دانەبراوی کەلتور و فەرهەنگی گەلانن، فیلمسازی بەشداری گرنگ لە بوژاندنەوە و برەودان بەزمانی نەتەوەی گەلان دەکات. واتا سینەما جۆرێکە لە هەژموونی شارستانی و کەلتوری وڵاتانی بەرهەمهێنەر، هەروەک گۆدار وتویەتی هەموو فیلمێک بەر ئەنجامی ئەو کۆمەڵگایەی بەرهەمی دەهێنێت، (جەمال، ٢٠٢٠، لا ١١٢) بۆیە سینەما وەک ئامرازێکی سەرەکی بۆ پیشاندانی ڕاستییەکان و بە ئاگا هێنانەوەی کۆمەڵگا شێوە و ناوەڕۆکی جیاوازی هەیە کە دەکرێت بەشێوەی زانستی توێژینەوەی لەسەر بکرێت، بە شێوەیەک کوردیش بتوانێت وەک نەتەوەکانی تر بانگەشەی ئەوە بکات کە فیلمی تایبەت بە خۆی هەیە، " ئەوەی کە شوناس دەبەخشێتە گرووپێکی مرۆیی، لێکچوونێکە دەبێتە هۆی جیاوازی ئەو گرووپە لەگەڵ گرووپەکانی دیکەدا، لێکچوون و جیاوازی واتا گەلێکن کە کەسەکان دروستیان دەکەن. ئامرازە کولتوورییە شوناس سازەکان دەبنە هۆی پێکهێنانی تەوەرەکانی تایبەت بە شوناس لەنێوان کۆمەڵگا مرۆییەکاندا، زمان، ئایین، جلوبەرگ، هۆگری جوانیناسی، ڕابواردن و کات بەسەربردن، وەرزش و خواردن، (سینا، ٢٠١٨، لا٤٢)، هەروەها شوناسی نەتەوایەتی لە ڕێگای سنووری جوگرافی (وڵات) و ئاسەوار، شوێنەوار، بیروڕای کەلتوری، ئابووری، سیاسییەکانەوە زیاتر خۆی دەناسێنێت، ئەمانە کۆمەڵە هۆکارێکن کە ناسنامەی هونەری فیلم دروست دەکات، هونەری فیلمسازی هەموو نەتەوەیەک بەو هۆکارانە جیاوازی دروست دەکات لەگەڵ هونەری نەتەوەکانی تر، هەریەک لەو هۆکارانەی سەرەوە بووەتە هۆکاری سەرهەڵدانی سینەمایی فەرەنسی، ئەمریکی، ئیتالّیی، ئەڵمانی، هیندی، وە گرنگترین هۆکاری بەرهەمهێنان فیلمی کوردییە، چونکە کاریگەرییەکی قووڵی بەسەر چیرۆک و ناوەڕۆکی فیلمەکانەوە هەیە و لەو ڕێگاوە فۆرمێکی هونەری لە فیلمەکانیان دروست دەبێت. هەر فیلمێکی سینەمایی وێنەیەکی کۆمەڵگایە لە ڕێگای چوارچێوەیەکی هونەری پیشانی بینەری دەدات،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەم ڕوانگەیەوە کۆمەڵە بەرهەمێکی سینەمایی کۆمەڵگایەک پیشان دەدات، سەرباری دابەشکردنی سیاسی کوردستان، بەڵام فیلمی کوردی لە هەر چوار پارچەی کوردستان وێنەیەکی هاوبەشی ناسنامەی سەرجەم کوردەکانە و سیاسەت نەیتوانیوە سنوور بەندی بکات. تەنانەت ئەو فیلمسازانەی لە دەرەوەی کوردستان دەژین توانیویانە لە ڕێگەی هونەری سینەماوە دەنگ و ڕەنگی نەتەوەکەیان لە مێژوودا تۆمار بکەن. بۆیە فیلمی کوردی هەموو ئەو فیلمانە دەگرێتەوە کە فۆرم و ناوەڕۆکی کوردیان هەیە، هەرچەندە دروست بوونی فیلم لە جیهاندا مێژوویەکی کۆنتری هەیە لە ئاست فیلمی کوردی کە دەستپێکێکی درەنگتری هەیە، ئەویش بەهۆی هەژموونی سیاسی لەو وڵاتانەی نەتەوەی کورد تێدا نیشتەجێن و ڕێڕەوی سانسۆر و جیاکاری تایبەتی بەرامبەر بە بەرهەمهێنان و نمایشکردنی ئەو فیلمانەی کە بابەت و زمانەکەیان کوردی بوو. بەڵام بە هاتنە ئارای زەمینەی گونجاوی سیاسی و گونجاو بۆ فیلمسازانی کورد و گەشەی تەکنۆلۆژیا ڕێژەی بەرهەمهێنانی فیلم گەشەی کرد، "سینەمای نەتەوەیی بێگومان ئاماژەکردنە بەو کۆمەڵە فیلمانەی کە لە دڵی نەتەوەیەکی تایبەتەوە دێنە دەرەوە یان لەناو نەتەوەدا بەرهەم دەهێنرێن، بە دیویەکی دیکەدا سینەمای نەتەوەیی وەک تێرمێکی هێمایی، ئاماژەدانە بەو ڕستە فیلمەی کە لە ناخی نەتەوەیەکەوە بەرهەم دەهێنرێن، (یوسفی، شوناس و سینەمای نەتەوەیی، ١٧-١-٢٠١٩)، دەتوانین هەنگاوێکی زیاتر بچینە پێشەوە و بڵێین سینەمای نەتەوەیی دەتوانێت سەرجەم کێشە ناوخۆیییەکانی وڵات لە ڕێگەی کامێراوە قۆناغ بە قۆناغی نەتەوەیی و مێژووی لە کێشە جۆراوجۆرەکان بەرجەستە بکاتەوە، هەروەها کامێرا وەک چەکێک دەتوانێت کێشە ناوخۆیییەکانی نەتەوەیەک گرێ بدات بە کێشە و گرفتە جیهانییەکانەوە. بۆیە ئەگەر ئەدیبان و مێژوونووسان بە وشە هەوڵی ناساندنی نەتەوەیەکیان دابێت ئەوا سینەماکارانی کورد وێنەیەکیان تۆمار کردووە و توانیویانە سەرباری ستەمی سیاسی، کولتوور و فەرهەنگی کورد بە دونیا بناسێنن. بۆ ئەم مەبەستە چەند ڕەگەزێک هەیە دەتوانین لەبەرچاوی بگرین، کە باس لە هەبوونی فۆرمێک بۆ جۆرێکی فیلمی دیاریکراو دەکات، دەتوانین هەمان ئەو ڕەگەزانە بخەینە ڕوو تا بەڵگەی سەلماندنی فۆرمێک بۆ فیلمی کوردی دەستنیشان بکەین وەک جۆرێکی جیاواز و تایبەت بە بەراورد بە سینەمای ئیتاڵی، ژاپۆنی، ڕەشپێستەکان، جووە.. هتد

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٣- شیکردنەوەی فیلمی کوردی (شوێنێک بۆ یاری) بەنمونە :**

**١-٣ فیلمی شوێنێک بۆ یاری :**

لە دەرهێنانی (شەوکەت ئەمین کورکی) و بەڕێوەبەری بەرهەم (حەسەن عەلی (بەرهەمهێنراوە، هەر یەک لە ئەکتەرە سەرەکی و ناوەندییەکان لە (شوان عەتووف، گۆڤار ئەنوەر، ڕۆژان حەمە جەزا، سۆهەیلا حەسەن، ژیان ئیبراهیم، ناسر حەسەن، محەممەد ئەحمەد، سەلاح شێخ محەممەدی، سوعاد ئەحمەد، دەوەن نەوزاد، عومەر چاوشین، تەها ئاغاجان) پێکهاتوون لەگەڵ ژمارەیەک کۆمبارس، هەروەها بەڕێوەبەری وێنەگرتنی فیلم لەلایەن (سالم سەلەواتی) کاری وێنەگرتنی بۆ کراوە، ڕووناکی فیلم لەلایەن سەلاح کەریمی جێبەجێکراوە، هەروەها (حسین گورچین) میکس و دەنگی فیلمی تۆمار کردووە، مۆنتاژی فیلم لەلایەن (مەستانە موهاجر) ئەنجامدراوە، چەندین تەکنیک کاری تر کاریان لەپشتی سێتی ئەم فیلمەدا کردووە، ساڵی بەرهەمهێنانی ٢٠٠٩ بوو، ماوەی فیلم٨١ خولەکە، لە هەرێمی کوردستان بە زمانی کوردی بەرهەمهاتووە بە هاوبەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی ژاپۆن.

**٢-٣ شیی کردنەوەی ناوەڕۆک بۆ تەکنیکی فیلمی شوێنێک بۆ یاری :**

لێرەدا شیکردنەوەی ناوەڕۆک بۆ ئەو جۆرە تەکنیکانەی کەلەم فیلمەدا بەکارهاتووە، وەک تەکنیکی (وێنەگرتن، ڕووناکی، دەنگ، مۆنتاژ) جێ بەجێ دەکرێت.

**١-٢-٣ شیکردنەوەی تەکنیکی وێنەگرتن لە فیلمی شوێنێک بۆ یاری :**

وێنەگرتنی ئەم فیلمە بە سیستەمی دیجیتاڵ وێنەگیراوە، لە ڕێگای تەکنیکی وێنەگرتنەوە دەرهێنەر تێڕوانین و خەیاڵ، فەنتازیای، جیهان بینی خۆی لەم فیلمدا بەرجەستە کردووە. بەهۆی بەکارهێنانی (قەبارەی گرتە، گۆشەی گرتە، جووڵەی گرتەوە) مانا و هێماکانی فیلم پیشان دەدات.

یەکەم لە ڕووی قەبارەوە: لەم فیلمەدا تەکنیکی قەبارەی گرتەکان بەشێوەی کلاسیک بەکارهێنراوە واتا لە سەرەتا لە گرتەی دوورەوە وێنەگیراوە پاشان بەگرتەی نزیک بابەتی پیشان دراوە، لە سەرەتای فیلمدا لە چرکەی (٤٢-٠٠:٠٠) گرتەیەکی گشتی لە کارەکتەری سەرەکی فیلمەکە دەگرێت کە بە

ماتۆڕسکیل بەناو شوێنی نیشتەجێ بوونیدا دەڕوات، کە پێکهاتەی شوێنەکە پیشان دەدات و بەبینەری دەناسێنێت کە یاریگایەکی تۆپی پێیە و چەندماڵێکی ئاوارەی تێدا نیشتەجێ بوون و کردوویانە بە ماڵی خۆیان، لە درێژەی گرتەکەدا شێوازی ژیانی ئەم چینەی کۆمەڵگا پیشان دەدات، ئەم دیمەنە یەکەم گرتەی گشتی ڕووداوەکان پیشان دەدات کە لەم شوێنە فراوانەدا ڕوو دەدات، کارەکتەری (ئاسۆ) زۆر بچووک دیارە لەسەر ماتۆڕسکیلەکەی بە ناوەڕاستی ئەو وێرانەیدا دەڕوات و باگراوەندی ئاسۆ لەم گرتەدا بە تەکنیکێک دیزاینکراوەدا ئۆتۆمبێلێک لە سەرەوەی پلیکانەکانی یاریگا دەبینرێت پاشان مزگەوتێک دەردەکەوێت، دواتر خانووەکانی دەوروبەری یاریگاکە پیشان دەدرێت کە خانووەکانی شاری کەرکووکن و پێناسەی شوێن بۆ بینەران دەکات، پاشان لەبەردەم یەکێک لە خانووە زیادکراوەکانی ناو یاریگاکە دەوەستێت، دەرهێنەر مەبەستیەتی لەم گرتەیەدا وێنەیەکی گشتی پیشانی بینەرانی بدات کە ڕووداوەکان لەم شوێنە ڕوو دەدات، هەر بەهۆی ئەم گرتەوە زانیاری لەسەر کارەکتەر ئاراستەی بینەران دەکات کە ئەمەش یارمەتی تێگەیشتنی بابەت بۆ بینەران دەدات، لەم دیمەنەدا پیشانی دەدات کە (ئاسۆ و دیاری برای) دەچنە ناو گۆڕەپانی دوو گۆلی ڕووخاوەوە کە چەندین خێزانی کورد و عەرەب و ئاشووری و تورکمانی بە هۆی ئاوارەیی و ونبوونی ماڵەکانیان لە ئەنجامی ئاوارەیی زۆرەملێ ژیانێکی سەرەتایی دەژین. ئامانج لەم گرتەیە پیشاندانی وێنەیەکی گشتیە لەسەر شوێن و ناساندنی کارەکتەرە سەرەکییەکان، دانانی ئەم شۆتە لە سەرەتای فیلمدا بایەخێکی گرنگی هەیە بۆ پیشاندانی پێکهاتەی فیلم و شێوازی گێرانەوەی چیرۆکی فیلم، بینەران بە هۆی ئەم گرتەوە ئاگادار دەبن کە چاوەڕیی چی جۆرە فیلمێکن ئەم گرتە دەستپێکە پەیوەندیەکی قوڵی هەیە بە کۆتای فیلمەوە.

دووەم لەڕووی گۆشەی وێنەگرتنەوە: بۆ شیکردنەوەی گۆشەی کامێرا ئەگەر سەرنج بدەینە خولەکی (٣٨-٠٤) لەم دیمەنە هەر دوو کارەکتەری (ئاسۆ، هێلین) پیشان دەدرێت، وێنەگرتنی ئەم دیمەنە بە گۆشەی (ئاستی چاو) وێنا گیراوە، چونکە ناوەڕۆکی ئەم دیمەنە باس لە یەک بینینی دوو خۆشەویست دەکات، کە پێکەوە گفتوگۆ دەکەن و لە هەمان ئاستی چینی کۆمەڵایەتیدان، هەروەها لە هەمان کاتدا سوود لە قەبارەی گرتەی نزیک وەرگیراوە بۆ زیاتر دەرخستنی هەستەکانی هەر دوو کارەکتەر، بینەر بەهۆی ئەم دیمەنەوە بۆی ڕوون دەبێتەوە ئەم دوو کارەکتەرە هەستی خۆشەویستیان بۆ یەک هەیە. بەڵام بێگومان گۆشەی بەرز مانایەکی جیاواز تری هەیە بۆ نمونە ئەگەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سرنج بدەین لە گۆشەی کۆتای فیلم، دیمەنێکە مەیتی ئاسۆ لەسەر زەوی دانراوە و کامێرا لە گۆشەیەکی بەرزەوە وێنەی دەگرێت، ئەم گۆشەیە مانایەکی قوڵی بە فیلم بەخشیوە، چونکە لە رێگای ئەم گۆشەوە بچوکی و بێ دەسەڵاتی خەڵکی ناو یاریگاکەمان پیشان دەدات، بۆیە لەگەڵ مەیتی ئاسۆدا کامێرا دەرواتە سەرەوە دوور دەکەوێتەوە لە کارەکتەری سەرەکی فیلم وەک ئەوەی بە بینەر بڵێت کەس لەم یاریگایەدا ناتوانێ ببێت بەقارەمان و رووداوەکان بگۆرێت لەگەل درێژەی ئەم دیمەنەدا تەپوتۆزێک دێت وەک هێمایەک بۆ پیشاندانی ئەو مێژووە رەش و کوشتارەی کە ناوچەکەی پیدا تێ پەریوە.

سێیەم ەرووی جووڵەی وێنەوە: بەشێکی زۆری تەکنیکی وێنەگرتنی ئەم فیلمە کامێرا لەسەر شان وینەگیراوە، ئەم تەکنیکە وای کردووە زیاتر وینەگرتنی نزیک بێت لە دیکۆمێنتاری، نەوەک فیلمێکی درامی کلاسیک بێت و کاریگەری لەسەر بینەر دروست بکات کە بێگومان ئەوەش ناوەرۆکی فیلم پێویستی بووە تەکنیکی وینەگرتنی جیاواز بێت، سەرەرای بەکارهێنانی چەندین جولەی جیاواو، ئەگەر سەرنج بدەین لە خولەکی (٦: ٠٠) ناوەرۆکی ئەم گرتەیە رووداوێکە کە هەر دوو کارەکتەری (ئاسۆ، ساکۆ) دەچن بۆ لای ئەو تانکەرەی ئاوی خواردنەوە بۆ خەڵکی ناو یاریگاکە دەهێنێت، دەرهێنەر بۆ وێنەگرتنی ئەم دیمەنە سوودی لە جووڵەی کامێرای سەر دەست وەرگرتووە، توانیویەتی بە تەکنیکی جووڵەی خێرای وێنەگرتن ئەو بارە نەگونجاوەی خەڵک و باری دەروونی کارەکتەرەکان پیشانی بینەران بدات، کە هاووڵاتییانی ئەم شوێنە لە بارودۆخێکی نەگونجاوی کۆمەڵایەتی و سیاسیدان، لە درێژەی ئەم دیمەنەدا لەو کاتەی ئاسۆ و کاسۆ دەستتێوەردان دەکەن دەچنە ناو خەڵکەکە بۆ رێکخستنی دابەشکردنی ئاوی تانکەرەکە، دەرهێنەر بە ورياييەوە سوودی لە گرتەی گشتی وەرگرتووە، لە گۆشەیەکی ئاستی چاودا لەو کاتەی خەڵکەکە شەڕ دەکەن و بۆری ئاوەکە ڕادەکێشن، بە هۆی نەبوونی هەماهەنگی نێوانیان ئاوەکە بەردەوام دەڕژێت، دەرهێنەر سوودی لە یەک گرتەی درێژی قەبارە جیاواز وەرگرتووە، کامێرا لە جووڵەی بەردەوامدایە وێنەی ئەو خەڵکەی دەگرێت کە بۆ ئاو شەڕ دەکەم، مەبەست لەم شەڕ و ئاڵۆزییە لە سەر ئاو، زیاتر ڕەهەندێکی سیاسی هەیە لەپێناو ئەوەی نەوەک نەتەوەیەک بەسەر نەتەوەیەکی تردا زاڵ بێت، بەڵام لەگەڵ چڕبوونەوەی ئاڵۆزییەکان دەرهێنەر گرتەی مامناوەندی بە کار دەهێنێت کامێرا زیاتر دەجووڵێت بۆ ئەوەی گرژیی دیمەنەکە زیاد بکات، کە بەشێک لە خەڵکەکە چەک بەکار دەهێنن و هەندێکی تر هەڕەشە دەکەن و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەندێکیان بۆری ئاوەکە ڕادەکێشن و بە فیڕۆی دەدەن، لە کۆتای ئەم دیمەنە دەبینین بەهۆی شەڕ و ئاڵۆزی دانیشتووانی ئەم شوێنە شۆفێری تانکەرەکە بەجێیان دەهێڵێت و ئاو بە کەسیان نادات، ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم جۆرە بەکارهێنانی تەکنیکی وێنەگرتن لە ڕووی قەبارە و جووڵەی گرتە هێمایە بۆ نەتەوەکانی کەرکووک کە تا وەکوو ئێستا نەیانتوانیوە بە ئاشتی پێکەوە بژین و سوود لە سەروەت و سامانەکەی وەربگرن .هەروەها ئەگەر سەرنج بدەین لە خولەکی (٣٧: ٤١) لەم دیمەنەدا دەرهێنەر جووڵەی (پان ڕایت- pan right) بەکارهێناوە لەم دیمەنەدا هەریەک لە کارەکتەرانی (ئاسۆ، ساکۆ) بە ماتۆڕەکەیان دەچن بۆ لای کۆمەڵێک منداڵ کە لە جێگایەکی نەگونجاودا یاری دوو گۆڵی دەکەن، بەڵام لە باگراوەندی ئەو جێگایە وێنەی سووتانی بۆرییەکی نەوتی کەرکووک پیشانی بینەران دەدات، بە سەرنجدان لە تەکنیکی وێنەگرتن بۆمان ڕوون دەبێتەوە دەرهێنەر دەیەوێت زۆرترین زانیاری بە بینەران بدات لە گرتەیەکی گەورەدا، کە منداڵانی ئەم جێگا سەرەڕای ئەوەی کە خاکەکەی خاوەنی سەروەت و سامانی نەوتە بەڵام منداڵانی ئەم شارە لە جێگایەکی ناتەندروستدا یاری دەکەن و خەڵکەکەی هەژارە و شوێنی ژیانیان مەرجی تەندروستی تێدا نییە. هەروەها ئەگەر سەرنج لە خولەکی (٣٨: ٠٨) بدەین، لەم دیمەنەدا تەکنیکی جووڵە بابەتی گرتە پیشان دەدات، بە شێوەیەک هەر دوو کارەکتەر (ئاسۆ، دیار) لەسەر ماتۆڕسکیلن لە دەروازەی ئەو یاریگایەی کە لێی نیشتەجێ بوون دەڕۆنە دەرەوە، تەکنیکی وێنەگرتن لەم دیمەندا کامێرا وەستاوە و لە گۆشەی نزمەوە وێنەیان دەگرێت، ئەگەر سەرنج بدەین لەم تەکنیکی وێنەگرتن کە لەم گرتەیەدا بەکارهاتووە، کە بە گۆشەی نزم وێنە گیراوە، هێمایە لە هێز و توانای ئەم دوو کارەکتەرە پیشان بدات کە سەرەڕای خراپی گوزەرانی ژیانیان بەڵام کۆڵیان نەداوە، هەرچەندە کارەکتەری (دیار) خاوەن پێداویستی تایبەتە و تەندروستی باش نییە، بەڵام بەهۆی هێز و توانای دەروونی کارەکتەری ئاسۆی لە ژیان بەردەوامە و بەدوای باشکردنی تەندروستیدا دەگەڕێن، هەروەها کاریگەرەکانی ئەم جۆرە گۆشەیە بەشێوەیەکی سروشتی ئەو ناکۆکیانە دەردەخات کە ئاسۆی لاوی ڕۆشنبیر پێیدا تێپەڕ دەبێت، بۆیە سوود لە گرتەی درێژماوە وەرگیراوە، کە ئەوەش هێمای ئارامی و توانای کۆنترۆڵکردن و ڕاگرتنی هاوسەنگی گرفتەکانی ژیانی هەیە، کارەکتەری (ئاسۆ) هەوڵ دەدات لەگەڵ واقیعی تراژیدیا بگونجێت و کار بکات بۆ زاڵبوون بەسەر گرفتەکانیدا، چونکە گۆشەی نزم بۆ کارەکتەر لە فیلمی سینەمایی زۆر جار بەمەبەستی توانا و هێز و گەورەی کارەکتەر بەکار هاتووە لە زۆربەی فیلمە سینەمایی جیهانییەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها یەکێک لە تایبەتمەندی تەکنیکی وێنەگرتن فیلمی شوێنێک بۆ یاری درێژی گرتەیە لە بواری کاتەوە، کە ئەمەش وای کردووە ئەم فیلمە خاوەن ڕیتمێکی خاو بێت کە ئەمەش تایبەتمەندی ڕیالیزمی نوێیە لە ئاستی تەکنیکی جیهانیدا. بەڵام ئەوەی بەگرفتی جوڵەی کامیرا دادەنرێت لەم فیلمەدا ئەوەیە بە درێژای هەموو فیلمەکە هیچ جوڵەی گرتەیەک نیە هەموو یاریگاکە پیشان بدات، هەموو جارێک کە پان دەکرێت دواتر بەگرتەیەکی وەستاو تێک دەشکێت. هەروەها کەمترین گرتە لە بەرزیەوە بە کرن وێنە گیراوە زۆربەی گرتەکان لەسەر ستاندی کامێرا وێنەگیراوە۔ شیکردنەوەمان لە دەستپێکی فیلمی شۆێنێک بۆ یاری

**٣-٢-٢ شیکردنەوەی تەکنیکی ڕووناکی لە فیلمی شوێنێک بۆ یاری :**

ڕووناکی بە فاکتەرێکی سەرەکی دادەنرێت لە فیلمی شوێنێک بۆ یاری، ڕووناکی وەک لایەنی سەرەکی و ڕەگەزی بنچینەیی وێنەی جوڵاو لەم فیلمەدا بەکارهاتووە، بەگشتی دوو جۆر ڕووناکی لەم فیلمدا بەکارهاتووە ئەوانیش (ڕووناکی دەستکرد، ڕووناکی سروشتی)

یەکەم روناکی دەستکرد: ئەم شێوە ڕووناکییە لەم فیلمەدا لە هەندێک دیمەندا بە پێی پێویست بەکار هاتووە بۆ نموونە ئەگەر سەرنج لە (خولەکی ١: ٥٠) بدەین، ئەم دیمەنە لە سەرەتای فیلمەکەدا لە ماڵی (ئاسۆ) وە دەست پێ دەکات، کە هەرسی کارەکتەر (ئاسۆ، دیار، دایکیان) دەردەکەون، یەکەم دیمەنی ئەم فیلمەیە لە ژوورەوە وێنە گیراوە، بێ گومان ئەو جۆرە دیمەنانەی کە لەژوورەوە وێنە دەگیرێن زیاتر پێویستیان بە ڕووناکی دەستکرد هەیە، بۆیە لەم دیمەنەدا ڕووناکی بە شێوەیەکی سەرنجراکێش بەکارهاتووە کە هەستێکی واقیعی دەبەخشێت، سێبەری ڕووناکی لە سەر کارەکتەرەکان دروست نەبووە و ڕوومەتیان بە هاوسەنگی ڕووناک بووەتەوە، مەبەست لەم جۆرە ڕووناک یە لە فیلمدا دەرخستنی باری دەروونی کارەکتەرە کە کارەکتەرێکی سادەی کۆمەڵگای کوردین و مەوداکانی کارەکتەر ڕوون دەکاتەوە، بۆ ئەوەی ڕوونتر شیکردنەوە لە بەکارهێنانی ڕووناکی لەم فیلمدا بکەین، ئاماژە بە دوو جۆر لە ڕووناکی دەکەین ( ڕووناکی نەرم- soft light ، ڕووناکی ڕەق-hard light ) ئەم دوو جۆر ڕووناکییە بە شێوەیەک دیزاین کراوە کە هەر یەکەیان مانا و گوزارشتی تایبەتی خۆیان هەیە، بە پێی حاڵەتی درامی گرتە و باری دەروونی کارەکتەر دەگۆڕێن.
بۆ نموونە ئەگەر باری دەروونی کارەکتەر، شەڕ و گرژی و پڕ لە ململانێ بوو، ئەوە ڕووناکییەکە ڕەق

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەبێت، واتە کۆنتراستی ڕووناکی زۆرە، هۆکاری بەکارهێنانی ئەم جۆرە ڕووناکییە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم جۆرە کارەکتەرانە تەمومژاوین و ناتوانن بە ئاسانی ئاشنای بارە دەروونییەکەی ببین، هەر بۆیە ڕووناکی بەشێک لە ڕوخساری ئەم جۆرە کارەکتەرانە نیشان دەدات. هەروەها ڕووناکی نەرم بۆیە لەم دیمەنەدا بەکارهێناوە هێمایە بۆ حاڵەتی ئاسایی کارەکتەرە واتە ڕووداوەکان بێ گرێ دەروونی دەچنە پێشەوە، بۆ نموونە لەم دیمەنەدا ژیانی ئاسایی ماڵێکی سادەیەیی کوردی کەرکووک پیشان دەدات، نەوەک کۆبوونەوەی گرووپێکی مافیا، بۆیە بەڕێوەبەری هونەری و ستافی ڕووناکی بە هاوکاری دەرهێنەر ئەم جۆرە ڕووناکییەیان بەکارهێناوە .

دووەم ڕووناکی سروشتی: لە فیلمی شوێنێک بۆ یاری دەرهێنەر لە زۆربەی دیمەنەکاندا سوودی لە ڕووناکی سروشتی بەکارهێناوە، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر تەکنیکی دەرهێنەر، کە توانیویەتی لە چەند دیمەنێکی سەرنج ڕاکێشدا ڕووناکی سروشتی بەکار بهێنێت، بۆ نموونە ئەگەر سەرنج لە خولەکی (١٦: ٥١) بدەین، لەم دیمەنە هەر یەک لە کارەکتەری (ئاسۆ، ساکۆ) لە یاریگادا وەرزش دەکەن، بۆ ئەم دیمەنە سوود لە ڕووناکی سروشتی وەرگیراوە، هەروەها لە ڕێگای ڕووناکییەوە هەست بە دووری یان قووڵایی نێوان دوو پێکهاتە دەکەین لە ناو گرتەیەکدا. دووری نێوان پێکهاتەکان لە یەکتری وەک دووری نیوان ئەکتەر و دیوارێک، یان دووری نێوان دوو ماڵ لە یەکتری، واتە هەموو ئەو پێکهاتانەی دەکەونە ناو گرتەیەک لە ڕێی ڕووناکییەوە لە یەکتر جیا دەکرێنەوە، هەروەها یەکێک لە ڕۆڵەکانی تەکنیکی ڕووناکی دیاریکردنی (کات) ی فیلمە بۆ نموونە ئاماژە بە خولەکی (١١: ١٢) ی فیلمی شوێنێک بۆ یاری بکەین، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە کاتی فیلم شەوە، و گەنجان و منداڵان بەدیار یاری تۆپی پێوە دانیشتوون، بەبێ ئەوەی دەرهێنەر پێویست بە هیچ ڕوونکردنەوەیەک بکات لەسەر دیمەنەکە، بینەر ئاشنای کات دەبێت، چونکە بەڕێوەبەری وێنەگرتن کە بەرپرسی یەکەمی هەموو ئەو پێکهاتانەی کە لە چوارچێوەی دیمەنێک نیشان دەدرێن، بە تەکنیکێک دیزاین کردووە کە بینەر هەست بکات زەمەنی ئەو دیمەنە چی کاتێکە، لێرەدا دەبێت بزانین کە هەڵبژاردنی جۆری لایت و ڕەنگی ڕووناکی دەرخەری کاتی ئەم گرتەیە، ئەمەش بە پشت بەستن بە ڕووناکییە سروشتییەکان وەک مانگ و ئەستێرەکان. بە شێوەیەکی گشتی فۆرمی ڕووناکی لە فیلمی شوێنێک بۆ یاری سوودی لە ڕووناکی سروشتی وەرگرتووە کە گرنگترین تایبەتمەندی ڕووناکی ڕیالیزمی نوێیە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها سەبارەت بەرەنگی فیلم زۆربەی دیمەنەکانی رەش و سپییە سەرەرای ئەوەی هەندێک لە دیمەنەکانی فیلم رەنگ هەیە، کەئەوەش وەک هێمایەک بۆ ژیانی ئەو خێزانە ئاوارانە سەیر بکرێت، چونکە لەو یاریگایەدا رەنگ هیچ مانایەکی نیە و لەو یاریگایەدا چیمەن نیە وەک  لەهەموو یاریگایەکدا هەیە بۆیە تەنها زەویەکی وشکە و هیچ سەوزاییەک نەدەبینرا  هیچ رەنگ و خۆشیەکی تێدا نیە، ئەگەر رەنگ هەبێت تەنها بۆ شەر و ململانێی نێوان نەتەوەکانە بۆیە بوونی رەنگ هۆکارێکە بۆ جیاوازی نێوان نەتەوەکانی کەرکوک (کورد، عەرەب، تورکمان، ئاشووری)  و داوای رەنگی تایبەت بە خۆیان دەکەن ئەمەش هۆکارێکە بۆ مەترسی و شەر نەوەک هۆکارێک بێت بۆ ئازادی و دیموکراتی بەتایبەت لە دیمەنی یاری کردنی تیپەکاندا  هەندێک نیشانەی دەردەکەوێت، کەواتا بوونی رەنگ هۆکارێک نیە بۆ پێکەوە ژیان و ئاشتی نێوانیان، کەواتا دەتوانین بڵێن بی رەنگی رووناکی هۆکاری پاپەند بوونیەتی بە ژیانی خۆڵەمێشی و بێ رەنگی خێزانەکانی ناو یاریگاکە، کە دەتوانین بڵێین بێ رەنگی فیلم تەنها هەڵبژاردنێکی جوانیناسی نیە بۆ فیلم بەڵکو هێمایەکە بۆ رووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی کەرکوک. سەرەرای ئەوەی گرفتێک لە رەنگی رەش و سپی فیلم هەیە کە لەهەندیک دیمەنەکان رەنگی رەش و سپی ترخ و کال دەبێتەوە.

**٣-٢-٣ شیکردنەوەی تەکنیکی دەنگ لە فیلمی شوێنێک بۆ یاری :**

دەنگ بە ڕەگەزێکی گرنگی دیمەن دادەنرێت، چونکە دەنگ دەبێتە هۆی ناساندنی (شوێن و کات) ئەوەش بەردەوامی لە فیلمدا دروست دەکات، لە فیلمی شوێنێک بۆ یاری سوود لە تەکنیکی دەنگی بەکار هێنراوە بۆ ئەوەی جیهانی واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی و گرفتەکانی ژیانی کورد پیشان بدات، تەکنیکی دەنگ لە فیلمدا ئەم جۆر دەنگانە دەگرێتەوە ( میوزیک، کارتێکەری دەنگی، دیالۆگ)

یەکەم میوزیک: لەم فیلمەکەدا بە تێکەڵکردنی میوزیکی کوردی، دەنگی سروشتی، گۆرانی کوردی بە زاری کورمانجی توانراوە دەنگی فیلم  دروست بکرێت، لە دانانی میوزیکدا وەک هێمایەکی ڕوون پەیوەندی بە کوردستانەوە هەیە. بۆ نموونە لە خولەکی (٤٥: ٥٠ (گۆرانییەکی کوردی بە زاری کورمانجی بەکارهاتووە، کە هێمایە بۆ ئەو بارودۆخە دەروونی سەختەی کە (ئاسۆ) ی لاوی پێدا تێپەڕ دەبێت لە ساتی جێهێشتنی خۆشەویستەکەیدا، موزیکی ئەم دیمەنە پاڵپشتی وێنەی فیلمەکەیە کەساتی جیابوونەوەی دوو خۆشەویستە لە یەکتر کە بینەران بەهۆی میوزیکەوە زیاتر تێکەڵ بەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دیمەنە خەمناکە دەبن. هەروەها لە خولەکی (١: ١٣: ٣٩) ی فیلم دەنگی میوزیکی ئامێری پیانۆ لەگەڵ شمشاڵێکی کوردی تێکەڵکراوە لە ساتی هاتنی (هێلین) بۆ سەر مەیتی (ئاسۆ) کە لە پاش تەقینەوەیەکی گەورە لە ناو بازاڕی کەرکوکدا ڕووی داوە و ئاسۆ تێیدا دەکوژرێت، بۆ ئەم دیمەنە میوزیکێکی ڕیتم خاوی کوردی دانراوە، کە هێمایە بۆ هەستی غەمبار و ناخۆشی (هیلین) کە پیشانی بینەری دەدات، هەروەها بەکارهێنانی شمشاڵی کوردی جەختکردنەوەیە لەسەر غەم و ئازارەکانی تاکی کورد بە درێژایی مێژوو لە شاری کەرکووکدا. بەڵام ئەوەی بەگرفتی دەنگی لەم فیلمەدا دادەنرێت، تەکنیک کاران زۆر بایەخیان بەم تەکنیکە نەداوە بەپیی پێویست لە رووی نەتەوەییەوە چونکە لاوک یان یان هەر ئاوازێکی تر بۆ دەنگی فیلمێک لە کەرکوکدا ناتوانی ببێتە جێگیرەوەی مەقامە رەسەنەکانی شاری کەرکوک وەک قەتار و ئەڵاوەیسی، ئای ئای و خاوکەر و چەندان دەنگی رەسەنی شاری کەرکوک بۆیە لەم جۆرە فیلمە کوردیانەدا نابێت میوزیک تەنها وەک هۆکارێکی جوانی سەیر بکرێت، چونکە دانانی دەنگی لاوکی شارێکی تری کوردستان بۆ فیلمیکی کە شۆێنی کەرکوک پیشان دەدات گرفت بۆ شوناسی کوردبونی کەرکوک دروست دەکات که رەنگە فیلمسازانی عەرەب بلێن کەرکوک کوردینراوە نەوەک شارێکی کوردیە وە ئەو بۆچونە دەرهێنەرێکی کورد سەلماندوویەتی لە تەکنیکی دەنگی فیلمێکی کوردی لەسەر شاری کەرکوک.

دووەم کارتێکەری دەنگی: یەکێکە لە تەکنیکە دەنگییە گرنگەکان لە فیلمی شوێنێک بۆ یاریدا، کە لە بەشێک لە دیمەنەکانی فیلمەکەدا دەرهێنەر سوودی لێ بینیوە، وەک دەنگی با، دەنگی کۆپتەر و ئۆتۆمبێلی پۆلیس، بانگی مزگەوتەکان. بۆ نموونە ئەگەر سەرنج بدەین لە خولەکی (١: ٠٩: ٥٢) ی فیلم لەو کاتەی (ئاسۆ، ساکۆ) چوون بۆ بازاڕ بۆ کڕینی دیاری بۆ یاریزانان، دەرهێنەر بۆ ئەم دیمەنە سوود لە دەنگی تەقینەوە وەردەگرێت بۆ تەواو کردنی ڕووداوەکانی فیلم، کە هەستی ترس و تۆقاندن بۆ بینەران دروست دەکات، ئەم جۆرە دەنگە لەم دیمەنەدا وەک هێمایەک بۆ کوژرانی کارەکتەری سەرەکی فیلم و هاتنی ناخۆشی بۆ دانیشتووانی یاریگاکە، هەروەها لە خولەکی (١: ١٠: ٥٠) ی فیلم سوود لە دەنگی کۆپتەر وەرگیراوە وەک هێمایەک بۆ ڕوودانی ڕووداوێکی نائاسایی کە تەواوی شاری گرتووەتەوە و هێمای کوژرانی چەندین کەسی شارەکەیە، بۆیە ئەم جۆرە تەکنیکی دەنگانە دەرهێنەر و تەکنیککاران ئەوەندە بەدروستی لەفیلمدابەکارهینراوە سرنجی بینەران ڕادەکێشێت، ئەوەش سیحری سەرەکی دەرهێنەرە و تەکنیک کارانە کە تایبەتمەندییەکی کوردیان بە فیلمەکە بەخشیوە,

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

باس لە جۆری سێیەمی دەنگ ناکەین کە دیالۆگە چونکە پێمان وایە ئەم تۆێژینەوە لەسەر تەکنیک و تەکنەلۆژیاییە، ئەم باسە بۆ ئەو جۆرە تۆێژینەوانەی بەجێ دەهێڵین کە تایبەتە بە نواندنی ئەکتەر.

**٤-٢-٣ شیکردنەوەی تەکنیکی مۆنتاژ لە فیلمی شوێنێک بۆ یاری :**

لەڕووی شێوەی برینی مۆنتاژکردنی فیلم دوو جۆر مۆنتاژ بە زۆری بە کار دێت ئەوانیش مۆنتاژی (بەردەوامی، پچڕان)، لە فیلمی شوێنێک بۆ یاری مۆنتاژی بەردەوامی بەکار هێنراوە، واتا لەم فیلمەدا یەک پارچە بوونی فیلم دەبینرێت لە بەڕێوەچوونی سیناریۆی، تەکنیکی وێنەگرتن، ڕووناکی، دەنگی فیلمدا دەبینرێت، بۆیە برینەکان بە جۆرێکە بینەران هەستی پی ناکەن، بۆ نموونە لە خولەکی (٣٨ : ٤١ (ی فیلم کە دیمەنێکی خۆشەویستی نێوان کارەکتەری (ئاسۆ، هێلین) پیشان دەدات، برینی گرتەکانی مۆنتاژ لە ئەکتەری یەکەم بۆ ئەکتەری دووەم دەگوازرێتەوە بە تەکنیکێک کە هەستی پێناکارێت، ئامانجی ئەم جۆرە برینی بەردەوامی یە ئەوەیە کە بینەران تێکەڵ بە بابەتی خوازراو ببن، ئەگەر چی لەو دیمەنەدا برین لە گرتەکاندا هەیە بەڵام بینەر بەبێ پچڕان فیلم دەبینێت هەست بە تێپەڕینی زەمەن ناکات واتا (پچڕان) بە کار نەهێنراوە بۆ تێپەڕاندنی ڕووداوەکان وەک لە هەندێک فیلمی شەپۆلی نوێ فەرەنسی بە کار دەهێنرێت، هەروەها لە ڕوانگەی چیرۆک و ناوەڕۆکی فیلم مۆنتاژی بەردەوامی بە کار هێنراوە، مۆنتاژ بەشێوەی زنجیرەی چیرۆک و نواندنی ئەکتەرەکان بەو شێوازەی ناو سیناریۆ ڕیزی شۆتەکان کراوە بۆ ئەوەی بینەر بتوانێت بەئاسانی لە مانای چیرۆک بگات و لە تێگەیشتندا تووشی پچڕان نەبیت. هەروەها دەرهێنەر لەم فیلمەدا سوودی لە تەکنیکی مۆنتاژ بینیوە بۆ ناساندی شوێن و ڕووداوەکان لەبەر ئەوەی سیناریۆی ئەم فیلمە وای خواستووە بۆ دروستکردنی فەزای گونجاو هەستی وێرانەی بۆ بینەر بگوازێتەوە، بەدروستی نەخشەی دونیایەکی داتەپیوی ژیانی ئەو خەڵکەی ناو یاریگایەکی ڕووخاو نمایش دەکات، ئەوەش لەڕێگەی بە هەڵبژاردنی چەند شوێنێک لە ناو یاریگاکە و دەرەوەیدا، بەوردی توانیویەتی ئەو کارە بکات، هەر وەها لەم فیلمەدا کۆمەڵێک شۆتی درێژ ماوە هەیە کە تەکنیک کاران ویستوویانە ڕیتمی فیلمی پێ دروست بکەن، لەو زنجیرە گرتانەدا جوانی بە فیلمەکە بەخشیوە، بۆ نموونە لە خولەکی (٤٣: ١٣) ی فیلم لەم دیمەنەدا ساتی ڕۆیشتنی ماڵی (هێلین) ە، لەو کاتەدا (ئاسۆ) ی خۆشەویستی دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە ئاگاداری ڕۆیشتنی خۆشەویستەکەی دەبێت، ئەم دیمەنە بە ڕیتمێکی خاو مۆنتاژ کراوە وەک

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هێمایەک بۆ دەربڕینی هەستی غەمبار و ناخۆشی باری دەروونی ئاسۆی لاو، لە ڕێگای مۆنتاژەوە ئەم هەستە دەگوازێتەوە بۆ بینەر، هەر چەندە لە مۆنتاژکردنی ئەم گرتە درێژانەدا چەندین برین هەیە بەڵام بە شێوەیەک جێبەجێ کراوە، کە بینەران هەستی پێ ناکەن و وا دەردەکەوێت کە پچڕانی تێدا نییە، بۆیە ئەوە گرتانە بەبەردەوامی بەدوادا چوون دەکات بۆ ڕووداوەکانی فیلم بەڵام زۆر بە خاوی و بە گرنگییەوە سوود لە تەکنیکی مۆنتاژ وەرگیراوە کە ئەمەش تایبەتمەندی مۆنتاژی ڕیالیزمی نوێیە کە ئەم فیلمە لەژێر کاریگەری ئەو جۆرە قوتابخانە سینەمایەدایە.

ئەوەی بە گرفتی تەکنیکی مۆنتاژ دا دەنرێت لەم فیلمەدا لە هەندێک بریندا پچران دروست دەکات بۆ بینەران بۆ نمونە لە دیمەنی بەرد گرتنە قوتووەکان، لەم دیمەندا گۆڤار لە جیاتی براکەی بەرد دەگرێتە قتووەکان بەشێوەیکی دروست مۆنتاژ نەکراوە بۆیە کاریگەری لەسەر ڕاستگۆیی پەیام هەیە و بینەر ناتوانێ باوەر بەم دیمەنە بکات کە ئەمەش کاریگەری خراپ لەسەر پەیامی فیلم دادەنێیت، لەبەرامبەردا ڕاستگۆی گەیاندی پەیامی فیلم رەگەزێکی بنچینەی فیلمی سینەماییە. هەروەها لە خولەکی ( ١:١٣:٣٢) ئەم دیمەنە لە کۆتای فیلمەکەدایە لەو کاتەدایە هێلین لە ناو یاریگاکەدا رێ دەکات کە کەشی دیمەن باوتۆزێکی زۆر لە سەر هێلینە و هەموو جلەکانی دەجوڵێنەوە، بەڵام ئەوەی بەگرفت دادەنرێت لەم گرتەیە لە باگراوەندی هێلین کۆمەڵێک جل دەردەکەون ناحوڵینەوە و هیچ بایەک نیە لەوی کە دوری لە هێلین چەند مەترێکە، ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت ئەم کەشی تۆز و بایە دروست کراوە بۆ هێلێن، بۆیە پێویست بوو مۆنتێری ئەم فیلمە لە قۆناغی هەڵبژاردی گرتەکاندا ئەم گرفتە دیاری بکات و ئەم گرتە دانەرێت لە فیلمەکەدا لە بەرامبەردا گرتەیەکی دروست دابنرێت.

**٤- دەرئەنجام و ئەنجام، پێشنیاز :**

**٤-١ دەرئەنجام :**

لە کۆتای توێژینەوەکەدا لە هەڵسەنگاندنی و گەنگەشەکردنی بابەتەکان وەک توێژەر بەم خاڵە گرنگانە گەیشتووین کە بریتییە لەمانەی خوارەوە.

١- تەکنیکی وێنەگرتن لەم فیلمەدا ڕۆڵی گرنگی هەیە لە بەرەوپێشبردنی ناوەڕۆکی فیلمدا.

٢- تەکنیک ڕووناکی لەم فیلمەدا کاریگەری لەسەر دەرخستنی دەروونی ئەکتەر هەیە .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٣- تەکنیکی دەنگ هاوکار و پاڵپشتی بەرێوەچوونی ڕووداوەکانی فیلم بووە.
٤- تەکنیکی مۆنتاژ لەم فیلمەدا ڕۆڵی هەیە لە دروستکردنی کەشی گشتی فیلم.

٤-٢ ئەنجام

٥- لە فیلمی (شوێنێک بۆ یاری) تەکنیکەکانی (وێنەگرتن، ڕووناکی، دەنگ، مۆنتاژ) بە شێوەیەکی دروست و هونەری بەکارهاتووە، بووەتە هۆکاری سەرکەوتنی بەرهەمهێنانی ئەم فیلمە.

٤-٣ **پێشنیاز :**

پاش تەواو کردنی ئەم توێژینەوەیە بەمەبەستی فراوانکردنی ئاستی زانیاری دەربارەی )ڕۆڵی تەکنیک لە بەرهەمهێنانی فیلمی کوردی-شوێنێک بۆ یاری بە نموونە پێشنیازی ئەم خاڵانەی خوارەوە دەکەم :

١- گرنگیدان بە لێکۆڵینەوە و بڵاوکردنەوەی کتێب و توێژینەوەکان لەسەر بابەتی تەکنیکی فیلم و جێبەجێکردنی سیمینار و وۆرکشۆپ لەلایەن کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لەبارەی ڕەگەزەکانی تەکنیک، وەرگێڕانی کتێب و بڵاوکراوەکان کە بەزمانی بیانی نووسراون لەبارەی تەکنیکەوە بکرێنە زمانی کوردی.

٢- گرنگیدانی زیاتر بە تەکنیکی فیلمە کوردییەکان، کە دەبێتە هۆی سەرکەوتنی لایەنی بەرهەمهێنانی فیلم.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: بەزمانی کوردی


١-پور، رەزا علی، ٢٠١٠، لەسفرەوە تا سینەما، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر.

٢-جەمال، نەوزاد، ٢٠٢٠، سینەما و فەلسەفە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی رەهەند، سلێمانی.

٣-حسن، ئیڤان ناسر، ٢٠١٣، بنەماکانی بەرهەمهێنانی سینەمایی، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر.

٤- خان، هاوار مستەفا، ٢٠٢١، گەوهەری سینەما، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی سارا، سلێمانی.

٥- دکارتر، ستیڤن، ٢٠٠٨، دەرهێنانی فیلم گرتە لە دوای گرتە، و، کاسترۆ مجید، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

٦-رۆبێرتۆمۆلیترینی، ٢٠١٢، بەرهەمهێنانی کورتە فیلمێک، و، جەبار سابیر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی رەهەند، سلیمانی.
٧- زادە، محمد رۆستەم، ٢٠١٢، هونەر و تەکنەلۆژی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، هەولێر.
٨-سینا، خەسرەو، ٢٠١٨، شوناسی کەلتوری و سینەمای کورد، و، جەمشید بەهرامی، چاپی یەکەم، چاپخانەی گوتار، سەقز.
٩- کەریم، محمد، ٢٠١٧، سینەما حەوتەمین هونەر، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
١٠-گیتاگرگانی، ٢٠٠٢، مێژووی سینەما، و، ستار کریم، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
١١-هەورامی، حەمەکەریم، ٢٠٠١، درامای کوردی لەناودرامای جیهانی، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.
١٢- مەنسوو، برزۆ ئیسماعیل، ٢٠١٩، پیشەگەری و تەکنیکەکانی بەرهەم لە شاشەی تەلەفیزیۆن، چاپی دووەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.
١٣-محمد، بەشدار حسین، ٢٠٢١، وێنەگرتنی تەلەڤیزیۆنی، چاپی یەکەم، چاپخانەی نوسینگەی تەفسیر، هەولێر.
١٤-محمد، سەرکەش، ٢٠١٩، جۆرەکانی فیلم و بەرهەمهێنانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر.
١٥. محمد، پێشرەو، ٢٠٢٠، دیالیکتیکی هونەری سێیەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی رەهەند، سلێمانی.
١٦-مەردان، عبدلقادر علی، ٢٠٠٥، سینەماو هونەری سینەمایی، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر.
١٧-میخایلرۆم، ٢٠١١، پەیڤین لەسەر دەرهێنانی سینەمایی، و، ئازاد کەرکوکی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئازاد هەورامی، سلێمانی.

**دووەم: بەزمانی عەرەبی**

١٨-جورنو، ماري تيريز، ٢٠٠٧، معجم المصطلحات السينمائية، االمؤسسة العامة للسينما، دمشق.
١٩-البزور، هناء زياد، ٢٠١٨، صناعة السينما ورسائلها و أبعاد تأثيرها على الوطن العربي، جامعة النجاح الوطنية.
٢٠- دانسايجر، كين، ٢٠١١، تقنيات مونتاج السينما و الفيديو، ت: احمد يوسف، ط1،للمركز القومي للترجمة، القاهرة.
٢١- ينظر، مرسى، معجم الفن السينمائي، ١٩٧٣، ط1، الهيئة المصريةالعامة للكتاب، القاهرة.
٢٢- سلمان، عبدالباسط، ٢٠٠٥، سحر التصوير فن واعلام، ط1، الدار الثقافية للنشر، القاهرة.

**سێیەم: گۆڤارەکان**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٢٣-ئدريس، شاخەوان، ٢٠١٠، هەنگاوەبنەرەتیەکانی بەرهەمهێنانی فیلمی دیکۆمێنت، گۆڤاری فیلم، ژمارە(٤)، سلێمانی.
٢٤-الركابي، هاني عبد علي، ٢٠١٩، توظيف التقنيات الحديثة لتجسيد الفعل الدرامي في الفيلم السينمائي المعاصر، مجلة العلوم الإنسانية والاجتماعية، العدد٤، غزه.
٢٥-محمد، بوزيدي، ٢٠١٩، جماليات الصوت والموسيقى التصويرية في السينما، مجلة آفاق سينمائية، العدد10، الجزائر.
٢٦- کاردۆ، موئەیەد محمود، ٢٠١٠، هەنگاوێک بەرەو رەخنەی سینەمایی، گۆڤاری فیلم، ژمارە٢، فێبریوەری،سلێمانی.
چوارەم: وتارە زانکۆییەکان (وانەکان):
٢٧- سماقەیی، ئەیوب، ٢٠٢١، وتاری وانەی ئابووری، کۆرسی دووەمی ماستەر، بەشی سینەما، کۆلێژی هونەرەجوانەکان، زانکۆی سلاحدین، هەولێر.
**پێنجەم: سایتی ئەلیکترۆنی**
٢٨-یوسفی، هاورێ، شوناس و سینەمای نەتەوەیی، ١٧-١-٢٠١٩.
https://www.rudaw.net/30720173sorani/opinion/culture_and_literature/2

# The Role of Technologies in Kurdish Film Production
## A Place to Play as a Model

**Dana Mohammed Abdulla**
Department of Cinema and Theatre art, College of Fine Art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
danamahamad@yahoo.com

**Prof. Dr. Aryana Mohamad Ebrahim**
Media Department- College of Arts, Salahaddin University- Erbil/ Kurdistan Region, Iraq
dr-aryana@live.com

***Keywords**: The Role, Cinema, Technologies, Production, Kurdish Film*

## Abstract:
This research entitled (The Role of Technologies in Kurdish Film Production - A Place to Play as a Model) is a scientific attempt to find the relationship between

technologies and Kurdish film production, with the aim of finding and realizing the role of technologies in producing Kurdish films, (a place to play) as a model. This research was prepared according to the descriptive approach from During the analysis of the type and methods of techniques used in the movie (A Place to Play) around an hour and a half taken as a sample for research,

the content of the research consists of an introduction and three main sections, including the general framework of the research and the theoretical side (technology and Kurdish film production), then the practical side of the research (analysis Technical aspects of the film A place to play). As a result, it became clear to the researchers that techniques and film production have a close relationship, as well as techniques with all their means, types and methods have a key role in the production of Kurdish film,

especially in the movie "A Place to Play" to become a reason for the development of Kurdish film in the way and methods of its production. In conclusion, the researchers suggest paying more attention to the technical aspect of Kurdish films, which raises the level of production in Kurdish films in the future and will be a reason to attract a larger percentage of viewers.

## دور التقنيات في انتاج الفلم الكردي-مكانا للعب نموذجا

**ملخص:**

يعتبر هذا البحث المعنون بـ (دور التقنيات في انتاج الفلم الكردي-مكانا للعب نموذجا) محاولة علمية لأيجاد العلاقة بين التقنيات وانتاج الفلم الكردي، بهدف ايجاد وتحقيق دور التقنيات في انتاج الافلام الكردية، (مكانا للعب) كأنموذج، اعد هذا البحث حسب المنهج الوصفي من خلال تحليل نوع واساليب التقنيات المستعملة في فلم (مكانا للعب) على مدار الساعة والنصف اتخذت كعينة للبحث، يتكون مضمون البحث من مقدمة و ثلاثة اقسام رئيسية، يتضمن الاطار العام للبحث والجانب النظري (التقنية وانتاج الفلم الكردي) ثم يأتي الجانب العملي من البحث (تحليل الجوانب التقنية في فلم مكانا للعب). وفي النتيجة تبين للباحثان ان التقنيات وانتاج الافلام بينهم علاقة وطيدة، كذلك التقنيات بكل وسائلها و انواعها واساليبها لها دور اساسي في انتاج الفلم الكردي و خاصهفي فلم (مكانا للعب) لتصبح سببا في تطور الفلم الكردي في طريقة واساليب انتاجها. في الختام يقترح الباحثان الاهتمام اكثر بالجانب التقني للفلم الكردي والذي يرفع من مستوى الانتاج في الافلام الكردية مستقبلا و تكون سببا لجذب نسبة اكبر من المشاهدين.

الكلمات الرئيسية هي: (الدور، سينما، التقنية، الإنتاج، الفيلم الكردي).